دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٧١٢، دووشەممە ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ی هەتاوی، ٦ی نوامبری ٢٠١٧

www.kurdistanmedia.com

**پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ٧ەمین کۆنگرەی پارتی ماف و ئازادییەکان (هاک- پار)** ٢

**باوکی ڕۆحی سەوزی جەنگاوەری داڵاهۆ ماڵئاوایی لە ژیان کرد** ٣



**شکستی کەرکووک کۆتایی ڕێگا نییە!** ٤



**گوشاری ئابووری ئامرازی گۆڕینی دێمۆگرافیای کوردستان** ٦



**بە فارس کردنی خەڵک و موسڵمانی شیعە...** ٨



**ڕووداوەکانی باشوور دەریانخست کە خەڵکی ....** ١٠

# "کاتسا" تارانی شڵەژاند




ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٩ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی، واشنتۆن لە بڕیارێکدا یاسای ناسراو بە "کاتسا" (بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دوژمنانی ئامریکا لە ڕێگای گەمارۆ) ی خستە بواری جێبەجێ کردنەوە و لیستەیەک لە بەرپرسان و کۆمپانیا ئێرانییەکان کە لەگەڵ سپای تێرۆریستی پاسداران هاوکارییان هەیە، خستە ناو گەمارۆ ئابوورییەکانەوە.

ناوی ئەو کەسانەی کە لەم لیستەدا دەبینرێت بریتین لە "محەممەدعەلی جەعفەری، یەحیا ڕەحیم سەفەوی، ڕۆستەم قاسمی، محەممەد حیجازی، پەرویز فەتاح، مورتزا ڕەزایی، عەبدوڵڵا عیراقی، عەلیئەکبەر ئەحمەدیان، محەممەدڕەزا نەقدی، حوسێن تائب، حوسێن سەلیمی و ئەحمەد فرووزەندە".

هەروەها کۆمپانیا و دامەزراوەکانی وەک "قەرارگای سازەندگی قائم، دامەزراوەی مهندسین مشاور ایمنسازان، کۆمپانیای حەرا، دامەزراوەی مهندسی فاتر، هێزی بەرگریی بەسیج، زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی بقیەالله، بونیادی تعاون سپاه، قەرارگای سازندگی قرب کربلا، هێزی هوا فەزا سپاه، زانکۆی ئیمام حوسێن، بانکی مێهر، دامەزراوەی رهاب، دامەزراوەی سەرمایەگذاری مهر ایرانیان، کۆمپانیای سەنعەت دریایی ایران، دامەزراوەی راه ساحل، کۆمپانیای تهرانگسترش، کۆمپانیای مهندسی نفت و گاز سپانیر، کۆمپانیای فناوری آبهای عمیق و دامەزراوەی خودکفایی هوافەزای سپاه" لە لیستی گەمارۆکانی ئامریکادا جێگایان گرتووە.

یاسای کاتسا (بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دوژمنانی ئامریکا لە ڕێگای گەمارۆ) بەتایبەتی دژی ڕێژیمی ئێران و کورەی باکوور جێبەجێ دەکرێت. ئەو بڕیارە ڕێکەوتی ١١ی گەلاوێژی ١٣٩٦ی هەتاوی، بە زۆرینەی دەنگ لە هەر دوو مەجلیسی نوێنەران و سێنای ئامریکا پەسند کرابوو.

بەپێی یاسای کاتسا دارایی ئەو کەس و کۆمپانیانە لە ئامریکا داخراوە و هیچ ئامریکاییەک مافی مامەڵەی لەگەڵ ئەو کەسانەی نییە و هەروەها ئەو کەسانەش ناتوانن بێنە نێو خاکی ئامریکاوە.

دوای ئەو بڕیارەی ئامریکا پاسداری تێرۆریست جەعفەری فەرماندەی ئەو ڕێکخراوە تێرۆریستییە گوتی: "ئامریکا بە بیانووی هێزی مووشەکیی ئێمە، گەڵاڵەیەکی بە ناوی "کاتسا" دژی سپای پاسداران جێبەجێ کردووە.

ناوبراو باسی لەوە کرد کە ئێمە لە هێزی مووشەکیی خۆمان وەک ناموسی خۆمان بەرگری دەکەین.

وەزارەتی خەزێنەداریی ئامریکا لە بەیانییەیەکدا بڵاوی کردووەتەوە کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئیران پشتیوانی لە تێرۆریزم دەکات.

هەر لەمبارەوە دوابەدوای پەسندکردنی خولی نوێی تەحریمەکانی ئامریکا بۆ سەر ڕێژیمی تاران، کۆبوونەوەیەکی بەپەلە لە نێوان سەرکردەی ٣ هێزی یاسادانان، جێبەجێکار و قەزایی بەڕێوەچوو.

لەم کۆبوونەوەیەدا سەرکردەی باندەکانی دەسەڵات بەشێوەی هاوبەش هۆشدارییان دا لەمەڕ تەحریمە نوێیەکان و وەک بڵێی لە ئێستادا گومانێک بەنیسبەت داهاتوو و چارەنووس لەلای خەڵک بوونی نییە، ڕایانگەیاند کە ترامپ دەیهەوێ "دڵەڕاوکێ" بخزێنێتە نێو ئابووریی ڕێژیم و بەم "پیلانە" خەڵک لە بەرامبەر داهاتووی ئابووری و پێشکەوتنی وڵات تووشی گومان و شک بکەن.

دواتریش لە تەنگەتاوییا هانای بۆ کرێملین برد و لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڤێلادیمێر پووتین، عەلی خامنەیی داوای لە ڕووسیە کرد کە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری تەحریمەکانی ئامریکا هاوکاری تاران بکات.

هەر چەند تا ئێستا باس لە وردەکارییەکانی ئەم هاوکارییانە نەکراوە بەڵام چاودێرانی سیاسی پێیان وایە ڕێژیمی تاران وەک دۆڕاوێکی سیاسی لەگەڵ کرێملیندا مامەڵەی کردووە و لە بری هاوکارییە لۆژستیکی و سیاسی و سەربازییەکانی ڕووسیە بەدڵنیاییەوە چەندین ئیمتیازی گرینگی بە مۆسکۆ داوە.

ئەم گەمارۆ نوێیانە لە کاتێکدا هاتوونەتە گۆڕێ کە بەشێک لە سێناتۆرە ئامریکاییەکان لە نامەیەکدا ڕوو لە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی داوایان کردووە کە دامەزراوە سەربازییەکانی ئێران بپشکنن؛ ئەمەش دژکردەوەی حەسەن ڕوحانی لێکەوتەوە کە وتی: "ئێمە مووشەکمان ساز کردووە، سازیش دەکەینەوە، چونکە لەگەڵ هیچ کام لە یاسا نێونەتەوەییەکان یان بڕیارنامەی ٢٢٣١ی شۆرای ئەمنییەت دژایەتی نییە".

دوابەدوای ئەم ڕووداوانە تاران وەخۆ کەوت و لە درێژەی هەوڵە سیستماتیکەکانی بۆ شەڕفرۆشی لە ناوچە و نانەوەی ئاژاوەی زیاتر حوسییەکانی یەمەنی هان دا تاکوو لەدژی ڕیاز کەڵک لە مووشەکی بالستیک وەرگرن؛ شەوی شەممە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ی هەتاوی حوسییەکانی یەمەن مووشەکێکی بالیستیکی دروستکراوی دەستی ئێرانیان بە ئامانجی لێدانی باکووری فڕۆکەخانەی "ملک خالد" لە ڕیاز تەقاندەوە کە لە لایەن سیستمی دژە مووشەکی عەرەبستانەوە پووچەڵ کرایەوە و پێش ئەوەیکە ئامانجەکەی بپێکێت تەقێندرایەوە.

ئەم هەوڵەی تاران بێوەڵامیش نەمایەوە و پاش دەست لەکارکیشانەوەکەی "سەعد حەریری" سەرۆک وەزیرانی لوبنان کە باسی لەوە کردبوو " لە هەر کوێیەک دەستی ئێران هەبێت ئاژاوە و وێرانکاریی ڕووی تێدەکات"، بێنیامین نێتانیاهوو سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل کە بە بۆنەی سەدەمین ساڵیادی "ڕاگەیەندراوی بالفوور" بۆ بریتانیا سەفەری کردبوو، لە هەمبەر بەهێز بوونی ڕێژیمی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هۆشداری دا و وتی: پێک هێنانی هاوپەیمانییەک لەدژی تاران پێویستە چوونکە لە کاتێکدا داعش دەردەکرێت، ئێران دەخزێتە ناوەوە و جێگەی دەگرێتەوە.

هەروەها هەندێک لە شرۆڤەکارانی سیاسی و ئاکادمیک باسیان لەوە کردووە، دەست لە کار کێشانەوەی حەریری کێشەی گەورەتر دروست دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەیکە ئێران بە قازانجی خۆی کەڵک لەو هەلە وەربگرێت.

ئەم ڕووداوانە پاش ئەوە هاتنە ئاراوە کە لە ماوەی ڕابردوودا و پاش داگیرکردنەوەی شاری کەرکووک لە باشوری کوردستان لەلایەن میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و بە پشتگیری سپای پاسداران دۆخی ناوچە و شێوازی ڕوانینی زلهێزەکان بۆ دەور و نەخشی سپای تێرۆریستی پاسداران گۆردرا و زیاتر لە جاران هەست بە مەترسییەکانی کرا.

پەیڤ

## ڕەوایی چەک و ڕەوایی خەڵکی

**کەریم پەرویزی**

ئەفسەرێکی سوپای قاجاڕی، پەروەردەکراوی دەستی هێزەکانی بریتانیا کودەتای لە پاشایەتیی قاجاڕی کرد و حکومەتی کۆماری ڕاگەیاند و دوایە کە ئاخوندە شیعەکان دژی کۆماری ڕاوەستانەوە دووبارە کردیەوە بە پاشایەتی، بەڵام ئەمجارەیان پاشایەتیی پالەوی! ڕەزاخانی میرپەنج کە دوایە خۆی کرد بە ڕەزاشا، ئەرتەشێکی پۆشتەو پەرداخی دروست کرد و بە ڕێنوێنیی دەرەکی، بە زەبری هێز و بە ئەرتەشی یەکدەست ویستی هەموو مەمالیکی مەحرووسەی قاجاری کە ئەمجارە کرابوون بە مەمالیکی مەحرووسەی پالەوی لە ژێر یەک ئاڵا و یەک فەرماندا بەڕێوە ببا و یەک دەوڵەت و یەک نەتەوە پێک بێنێ. بە زەبری چەکو ئەرتەشی داپڵۆسێنەری بیست ساڵێک حوکمی کرد، بەڵام لە کاتی هاتنی هێزی موتەفەقیندا ئەرتەشە فڕوفیشاڵیەکەی هەڵوەشایەوە و هەموویان هەڵهاتن!

حکومەتی بەعسی سەدام، ئەو ئەرتەشە پۆشتە و پەرداخەی هەبوو و سەرتاسەری عێراقی پێ پاکتاو کردو چەندین شەڕی لە ناوچەکەدا پێ کرد، لە ساڵی ٢٠٠٣دا لەبەرامبەر هێرشی دەرەکیدا تەنیا ٢١ ڕۆژ شەڕی پێ کرا، ئەویش زۆرتر هێرشە دەرەکییەکە حەزیان لێ بوو شەڕەکە درێژەی هەبێ تاکوو ئەرتەشەکەی بەتەواوی وردو خاش بکەن!

لە ٢٠١١دا مالیکی، حاکمی بەغداد ئەرتەشی عێراقی بە چەکو جبەخانەی ئەمریکایی تەیار کردبوو، ئۆپەراسیۆنی دیجلەی ڕاگەیاند و ویستی کوردستانی پێ بگرێتەوە، ١٠٠٠ تیرۆریستی داعش هاتنە نێو مووسڵ و ئەرتەشە فڕوفیشاڵیەکەی هەتا بەغداد هەڵهاتن!

لە دوای هاتنە سەرکاری خومەینی لە ئێراندا، فەرمانی جەهادی بە دژی کورد دەرکرد و تەواوی ئیمکاناتی مرۆیی و سیاسی و ئابووری و دینیی ئێرانی خەرجی سوپای پاسداران کرد و ناردیە سەر کوردستان هەتا کوردی پێ سەرکوت بکا و کوردستان داگیر بکا. ئێستا دوای ٣٨ ساڵ لە هێرشی سوپای پاسداران بۆ سەر کوردستان، هێشتا لە نێو شارەکانی کوردستاندا تانک و مووشەک و چەکی قورس نمایش دەکەن و پادگانەکانی سپا لە نێو دڵی شارەکانی کوردستاندا سیمای شارەکانیان تێک داوە و بەشێک لە شاریان داگیر کردووە و هەر چەند مانگ جارێک بە بیانوویەک، هێزی زۆر و زەبەنی سوپا و بەکرێگیراوانیان لە نێو شارەکاندا مانۆڕ پێ دەدەن. دوای

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ٧ـەمین کۆنگرەی پارتی ماف و ئازادییەکان (هاک- پار)

ئەندامانی بەڕێزی سەرکردایەتی و نوێنەرە بەڕێزەکانی بەشدار لە کۆنگرەی هاک- پار!

بە ناوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، سڵاوی خەبات و تێکۆشان لە ئێوە هێژایان دەکەین و بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی ٧مین، وێڕای پیرۆزباییەکی گەرم، هیوای سەرکەوتنتان بۆ بە ئاوات دەخوازین. هیواداریـن کە کۆنگرەکەتان بە بڕیاراتی دروست، شیاو و واقعبینانەوە، دەرفەتێکی لەبار بڕەخسێنێ تاکوو بتوانن بە پێی دۆخی ئێستای بزووتنەوەی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە، ڕێباز و تاکتیکەکانی خەبات و تێکۆشانتان باشتر دابڕێژن و خەباتەکەتان بەرفراوانتر بکەن.

کۆنگرەی ئێوە لە کاتێک دا دەبەسترێت کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتانی ناوچە لە حاڵی گۆڕاندایە. دیار و بەرچاوە چەند ساڵێکە دەوڵەتی تورکییەش لە چەند لایەکەوە لە گەڵ ڕەوشێکی ئاڵۆز و قەیراناویی لە هەر دوو ئاستی ناوخۆیی و ناوچەییدا دەستەویەخەیە و تا ئێستا نەیتوانیوە هەنگاوێکی جیددی و دێموکراتیک کە هەڵگری چارەسەریی پرسی کورد بێت، هەڵگرێت. لە هەمان کاتدا دەبینین کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە هەر یەک لە پارچەکانی کوردستاندا بە پێی توانا و تایبەتمەندییەکانی خۆیان، بە هەموو سەختی و دژوارییەکانی خەبات و لە نێویاندا بەرگری ڕەوا، ڕێبازی ئاشتیخوازانە و دێموکراتیک، لە حاڵی قەڕین و بەرەوپێشچوونەوەیەکی نوێدایە و شانبەشانی گۆڕانکارییەکانی ناوچە، دەتوانێ دەرفەتێکی نوێ بۆ گەلی کورد پێک بێنێ. بەڵام ئاشکرایە کە لە هەر دۆخ و ئەگەرێکدا، یەکیەتیی و هاودەنگیی کورد و هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە هەر پارچەیەکدا دەتوانێ زامنی سەرکەوتن بێ. لە هەمان کاتدا، هێزە سیاسییەکانی کورد لە هەر پارچەیەک سەرەڕای جیاوازیی نێوانیان، پێویستە بە یەکهەڵوێستی و ڕۆحی وڵاتپارێزی و نەتەوەییەوە، بزووتنەوەی گەلی کوردستان بەرەو پێشەوە ببەن و لە هەمبەر پیلانی نەیار و دوژمناندا، بە پێی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان پشتیوانی یەکتر بن. ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە پێی ستراتێژی نەتەوەییمان، هاوکاری خەبات و تێکۆشانی خوشک و براکانمان لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا دەبین و بە هەموو توانا سیاسیی و مەعنەویمانەوە پشتیوانییان لێ دەکەین.

بە هیوای سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان و بەدەستهێنانی ماف و ئازادییە دێموکراتیک و نەتەوەییەکانی گەلی کورد.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٢ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی**
**١٤ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ی زایینی**

## دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە لە نێوان حیزب و وەفدێک بە سەرپەرەستی بەڕێز مستەفا مەولوودی تاوتوێ کرا




لە دیداری نێوان دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و وەفدێک بە سەرپەرەستی بەڕێز مستەفا مەولوودی ، پرسی کورد لە باشوری کوردستان و مەترسییەکان بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات تاوتوێ کران.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٤ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ی زایینی بەڕێز کاک مستەفا مەولوودی بە یاوەری هاوڕێیانی دەفتەری سیاسییان سەردانی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن بەڕێز کاک مستەفا هیجری سکرتێری گشتی حیزب و ئەندامانی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتەوە پێشوازییان لێکرا و بەگەرمی بەخێرهاتنیان لێکرا.

لەم کۆبوونەوەیەدا لەسەر دوایین ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی پێوەندیدار بە پرسی کورد لە باشوور و مەسەلەی هێرشی ئەرتەشی عێراق و حەشدی شەعبی بە بەشداری سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ گرتنەوەی شاری کەرکووک و ناوچە کوردستانییە کێشە لەسەرەکان و ئەو مەترسییانەی لەسەر دەسکەوتە سیاسی و نەتەوەییەکانی هەرێمی کوردستان هەیە ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.

لە بەشێکی دیکەی ئەو راگۆڕینەوەدا هەڕەشەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خرایە بەرباس و بۆ بەرپەرچدانەوە و پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هێزەکانی سپای پاسداران و بەکرێگیراوانی قەرارگای قودس لەسەر کۆمەڵێک ڕێوشوێنی کردەیی جەخت کرایەوە و ئۆرگانە پێوەندیدارەکان ئەرکدار کران لە بواری کردەییدا پێکەوە هاوکاری و هەماهەنگی بکەن.

## حیزبی دێموکرات و حیزبی شیوعی باشووری کوردستان کۆ بوونەوە




حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران لەگەڵ شاندێکی حیزبی شیوعی کۆ بوونەوە و لە بارەی پرسەکانی ڕۆژ گفتوگۆیان کرد.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی شیوعی باشووری کورستان، بە سەرپەرەستی "ئەبوو تارا"، سەردانی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات و ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێبەری حیزبەوە پێشوازیان لێکرا.

بەڕێز ئەبوو تارا ئامانج لە سەردانەکەی بەسەر کردنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک دۆستێکی لە مێژینەی حیزبی شیوعی باس کرد و لە دانیشتنێکی دۆستانەدا باسێکی سیاسی لە سەر ڕەوشی کورد و بەتایبەت هێرشەکانی دەوڵەتی عێراق و هاوپەیمانە ناوچەییەکان بۆ سەر کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان و بێدەنگی هاوپەیمانەکان لە ئاست سووتاندنی سروەت و سامانی کۆمەڵانی خەڵک و پەرتەوازە کردنیان بۆ شوێنەکانی دیکە لە لایەن هێزە هێرشکەرەکانەوە کرا.

لەم باسەدا ئاماژە بە بەردەوام بوونی پیلانی نەیارانی کورد بۆ لەباربردنی دەسکەوتە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد لە باشووری کوردستان و شوێندانەریی نەرێنی ئەو پیلانانە لە هەمبەر جووڵانەوەی مافخوازی گەلی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان کرا.

لەو دیدارەدا جارێکی دیکەیش لەسەر ئەوە ڕاستییە جەخت کرایەوە، تەنیا ڕێگەی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ نەیارانی کورد، یەکیەتی و یەکڕیزی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و پشت بەستن بە هێزی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، هەر دوو شاندی دۆست لە کۆتایی ئەو باسەدا لە سەر پێوەندییە سیاسییەکانیان جەختیان کردەوە و مستەفا هیجری سپاسی ئەو سەردانە دۆستانەی کرد.

## بەشداری شاندێکی حیزبی دێموکرات لە پرسەی عەلی عەبدوڵڵا



شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پرسەی "عەلی عەبدوڵڵا" جێگری پێشووی سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستاندا بەشداری کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی "محەممەد نەزیف قادری" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بەشداریان لە پرسەی عەلی عەبدوڵڵا جێگری پێشووی سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان کرد کە ڕۆژی سێشەممە لە تەمەنی ٩١ ساڵیدا لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.

ئەم کۆڕی ماتەمینە بە ئامادەبوونی سەرۆکی پارتی دێموکرات، مەسعود بارزانی، سەرکردایەتی پارتی دێموکرات، نوێنەری حیزب و لایەنە سیاسییەکان، ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی حکوومەتی و حیزبی و بنەماڵەی عەلی عەبدوڵڵا لە مزگەوتی جەلیل خەیاتی شاری هەولێر بەڕێوە چوو.

شاندی حیزبی دێموکرات بەم بۆنەوە پرسە و هاوخەمی حیزبیان بە سەرکردایەتی پارتی دێموکرات ڕاگەیاند.

## محەممەد نەزەری بێ پشتیوان نییە




تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری تاران بۆ پشتیوانیی لە محەممەد نەزەری زیندانیی سیاسی کورد چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

قارەمانانی دێموکرات لە شاری تاران پێتەختی ڕێژیمی ئێران، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و وێنەی محەممەد نەزەری زیندانیی سیاسی کورد لە زیندانی ڕەجایی‌شاری کەرەج پشتیوانیی خۆیان لە محەممەد نەزەری دەربڕی.

ماوەی زیاتر لە ٨٠ ڕۆژە کە زیندانیی سیاسی محەممەد نەزەری، مانی لە خواردن گرتووە و تەنیا داواکاریی ئەو جێبەجێ کردنی یاساکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە ماوەی حوکمەکەیە.

موحەمەد نەزەری خەڵکی سایین قەڵا و تەمەن ٤٦ ساڵە کە ماوەی ٢٤ ساڵە زیندانی کراوە و حوکمی ناڕەوای بە سەردا سەپاوە، تەنیا تاوانێک کە کۆماری ئیسلامیی خستوویەتە پاڵی، پشتیوانی لە مافی کورد و ئەندامەتی لە حیزبێکی کوردی دایە.

# باوکی ڕۆحی سەوزی جەنگاوەری دالاهۆ ماڵئاوایی لە ژیان کرد




باوکی شەهیدی فەرمانده، شەهید "خەلیل زارعی" ناسراو بە "خەلیل خەلەبان" بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

کاک "یەدوڵڵا زەر" باوکی شەهید خەلیل خەلەبان لە تەمەنی ٩٥ ساڵیدا لە شاری کرماشان کۆچی دوایی کرد.

شەهید خەلیل خەلەبان، ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی، لە شاری دێرینی کرماشان چاوی بە دنیا هەڵێنا و خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندیی هەر لەو شارە تەواو کرد و بە هۆی هەست کردن بە چەوساوەیی و زوڵم و زۆری ڕێژیم لە سەر نەتەوەکەی بڕیاری دا بڕواتە زانکۆی ئەفسەری و لەو ڕێگایەوە بتوانێت نەختێک لە ئازاری نەتەوەکەی کەم بکاتەوە و دواتر بتوانێت خزمەت بە گەلەکەی بکات.

شەهیدی فەرمانده لە سەر ئەو بڕیارەی خۆی لە تاقیکاریی زانکۆی ئەفسەریدا بەشداری کرد و بە پلەیەکی بەرز لە بەشی فڕۆکەوانی لە کۆلێژی ئەفسەری لە تاران وەرگیرا و پاش چەند ساڵ ئەو بڕگەیەی لە خوێندن تەواو کرد و بوو بە فڕۆکەوانێکی کارامە و لێهاتوو.

شەهید خەلیل، بە هۆی کارامەیی و لێهاتوویی لە کاری فڕۆکەوانیی سەربازیدا پاش تەواوکردنی خوێندن لە کۆلێژی ئەفسەری لە لایەن ئەرتەشی ئێرانەوە بۆ درێژەی خوێندن و پسپۆڕی لە فڕۆکەوانیدا ڕەوانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا کرا.

شەهیدی فەرمانده دوای تەواو کردنی خوێندن لە ئامریکا گەڕایەوە تاران و لە هێزی هەوایی ئەرتەشدا وەک فڕۆکەوان دامەزرا.

فەرماندەری شۆڕشگێڕ، بە هۆی هەستی شۆڕشگێڕانە و خەباتکارانەی کەوتە بەر چاوەدێری دەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم و بۆ شکاندنی کەسایەتی بەرزی شەهید خەلیل ڕەوانەی کوردستان کرا تا لە ڕێگەی فڕۆکە جەنگییەکانەوە ئاگر و ئاسن بە سەر خەڵک و پێشمەرگەکاندا ببارێنێت، بۆ ئەوەی کەسایەتی و ناوی لە ناو خەڵکدا خەوشدار ببێت.

فەرماندەری بوێر لە بەرانبەر ئەو سیاسەتە دژە گەلیەی ڕێژیمی ئاخوندیدا ڕاوەستا و ئامادە نەبوو پشت لە نەتەوەکەی بکات، هەر بۆیە ناچار بوو خۆی لە دەستی دەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم ڕزگار بکات و خۆی بگەیێنێتە ئورووپا.

دوای ڕۆیشتنی شەهید خەلیل بۆ دەرەوەی وڵات، پێوەندی بە تێکۆشەرانی دێموکرات گرت و بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکرات و دواتر لە ڕێگای تورکیەوە خۆی بە ڕیزەکانی پێشمەرگە لە کوردستان گەیاند.

خەلەبانی شۆڕشگێڕ سەرەتا لە مەڵبەندی باکووری کوردستان مایەوە و پاشان پێوەندی بە ڕێبەری مەزن شەهید دوکتور قاسملوو گرت و ڕوو لە دوکتوری شەهید وتی: "ئامادەم ڕۆڵێکی زیاتر لە بزاڤی ئازادیخوازنەی کوردستاندا بگێڕم".

شەهید خەلیل دواتر لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتەوە بانگهێشت کرا و لە هێزی ١١٠ی بەیان سازمان درا و بە هۆی لێهاتوویی نیزامی ئەرکی ڕێخەریی عەمەلیاتی ئەو هێزەی پێ ئەسپێردرا.

دوای کۆنگرەی ٦ی حیزبی دێموکرات بڕیاری دا کە لە ناوچەی کرماشان چالاکی بکات، هەر لەو پێوەندییەدا بڕیار درا هێزی دالاهۆ دروست ببێت و لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات ئەرکی فەرماندەی هێزی دالاهۆ بە شەهید خەلیل خەلەبان ئەسپێردرا.

ڕێژیمی تێرۆریستی ئێران بە هۆی ئەوەیکە لە ئازایەتی و قارەمانییەتی شەهیدی فەرمانده کۆڵی دابوو، لە ڕێگای چڵکاوخۆرەکانی خۆیەوە لە سەر ڕێگای "کوزەران" لە پیلانی بە دیل گیرانی شەهیدی فەرمانده سەرکەوت.

دوای ئەو پیلانەی ئەهریمەنیەی ڕێژیم و شایی ڕەشی ناو دڵی چڵکاوخۆرەکانی ڕێژیم شەهید خەلیل بۆ زیندانی دیزڵئاوای کرماشان ڕاگوێزرا.

دوای ئەشکەنجە دانێکی زۆر لە لایەن جەلادەکانی ڕێژیم، ئوستوورەی دێموکرات، شەهید خەلیل خەلەبان، لە ڕێکەوتی ٢ی خەزەڵوەری ١٣٦٤ی هەتاوی لە لایەن خوێنرێژەکانی ڕێژیمەوە ئێعدام کرا و تێکەڵ بە کاراونی شەهیدان بوو و لە گوندی "کانی چەرمگ" بە خاکی پیرۆزی کوردستان ئەسپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری کاک یەدوڵڵا دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# زاڵکردنی زیاتری فەزای پۆلیسی بەسەر شارەکانی کوردستاندا



لە ڕۆژانی ڕابردوودا هێزە بەناو ئینتزامی و لیباس شەخسییەکانی ڕێژیم چەند قات زیاتر کراون.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا و پاش ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی کوردستانی باشور، ڕێژیم و دەزگا داپڵۆسێنەرکانی بەپێی بەرنامەیەکی لەپیشدا داڕێژراو هەموو شەقامە سەرەکییەکان و گۆڕەپانەکانی نێو شارەکانیان تەنیوەتەوە.

بەپێی هەواڵەکان پاش بەڕێوەبردنی جێژن و شایی و خۆشی بەبۆنەی ڕێفراندۆمی باشوری کوردستان و گیرانی سەدان کەس لە بەشدارانی ئەم ڕێوڕەسمە لەلایەن هێزە ئیتلاعاتی و ئەمنیەتییەکانەوە، ڕێژیم کەشێکی تەواو پۆلیسی بەسەر شارەکاندا زاڵ کردووە و هەوڵی چاوترسێن کردنی خەلک دەدات.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە ڕێژیم ترسی ئەوەی هەیە کە تووڕەیی پەنگخواردووی گەل پاش ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی باشووری کوردستان بەسەریاندا بتەقێتەوە و دۆخی ناوخۆی کوردستانیان لێ بشەوێت.

پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەگەری پەلاماردانی بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لەلایەن سپای تێرۆریستی پاسداران و دەستوپێوەندییەکانیان لە باشوری کوردستان، خەڵکی کورد زۆر بە وردی بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکان دەکەن و خۆیان بۆ وەڵامدانەوە لە ئەگەری ڕوودانی حالەتێکی وەها ئامادە کردووە.

هەر لەمبارەوە ، هێزەکانی ڕێژیمی ئێران، لە شەقام و چوارڕێیانی شاری مەهاباد دەستیان کردووە بە سەنگەر دروست کردن و لە ڕێگایەوە دەیانەوێت خەڵکی ئەو شارە بترسێنن.

هەواڵە گەیشتووەکان لە شاری مەهاباد باس لەوە دەکەن، کە بڕیارە لەم حەوتوویەدا کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان بۆ جاش و بەکرێگیراونی بەڕێوە ببەن.

بەپێی ئەو سەرچاوەیە، سپای پاسداران لە دانانی سەنگەر لە شەقام و چوارڕێیانی ئەو شارەدا، نیگەرانی دژکردەوەی خەڵکی شاری مەهاباد لە کردەوەکانی سپای پاسداران لە باشووری کوردستانن.

هاتنی حەشدی شەعبی بە یارمەتی و پشتیوانیی سپای پاسداران بۆ شاری کەرکووک و ناوچە کێشە لە سەرەکانی باشووری کوردستان، هاوخەمی هاووڵاتییانی شار و ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی لێ کەوتووتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەیکە سپای پاسداران لە ترسی خرۆشانی جەماوەری دەستی کردووە بە سەنگەر دروست کردن و خەڵکی پێ چاوترسێن دەکات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشدا بڵاویان کردەوە کە خەڵکی خەباتکار و بوێری کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ئەگەری هەر پیلانێکی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، وەڵامیان دەدەنەوە و بێدەنگ نابن و دڵنیاییشیان دایە گەلی کورد کە ڕۆڵە پێشمەرگەکانی ئەوان ، لە هەر ئەگەرێکدا وەکوو هەمیشە حەماسەی پڕ لە شانازی بەدژی دوژمنانی گەلی کورد دەخوڵقێنن.

# چەندین ئەندامی دڵسۆزی حیزبی دێموکرات کۆچی دواییان کرد




بەهۆی ڕووداوی دلتەزێنی هاتوچۆ لە شاری تاران، ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆچی دوایی کرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ی هەتاوی ئەندامێکی حیزبی دێموکرات بەناوی "عوسمان ئەمینی" خەڵکی شاری نۆدشە بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ لە ئۆتوبانی تاران – ساوە گیانی لەدەستدا.

عوسمان ئەمینی پێشتر پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە و بەهەندێک هۆکاری تایبەت و لە سەر ئیزنی حیزب گەڕایەوە نێوخۆی وڵات.

ناوبراو تا دواساتەکانی ژیانی وەفادار بە ڕێباز و ئارمان و ئارمانجەکانی حیزب مایەوە.

هەروەها ڕۆژی یە کشە مە ڕێکەوتی ٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ی هەتاوی مام فەرامەرز ئارامش خەڵکی ناوچەی چۆمی مەجیدخان لە بنەماڵەی پێشمەرگە پەروەری ئارامش ناسراو بەبنەماڵەی عەلی فەرامەرز، براو مامی شەهیدان کەریم ئارامش و سولەیمان ئارامش کە لەسەرەتای شەڕی داسەپاوی کۆماری ئیسلامیەوە شەرەفی ئەندامەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی هەبووە و بەئاشکراو نهێنی خزمەتی بە بزووتنەوەی نەتەوەیی دێمۆکراتیکی گەلەکەی کردووە لەتەمەنی ٧٢ساڵی بەهۆی نەخۆشییەکی کوت و پڕ لە شاری بۆکان کۆچی دوایی کرد.

مام فەرامەرزی ئارامش لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەو خەم و کەسەری خزم و خۆشەویستانی لە زێدی خۆی لە ئاوایی ئەسکەرئاباد بەخاکی پیرۆزی نیشتمانی ئەسپێردرا.

لەو پێوەندییەدا، شەوی شەممە لە سەر یەکشەممە ٦ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ی هەتاوی، کاک ئەحمەد ئاقابەیگی باوکی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە ناوی "ئەفسانە ئاقابەیگی" لە شاری بۆکان ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

کاک ئەحمەد ئاقابەیگی خەڵکی گوندی ڕەحیمخانی شاری بۆکان بوو و یەکێک لە کچەکانی ئەحمەد ئاقابەیگی بە ناوی "ئەفسانە ئاقابەیگی" ئێستا لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دایە.

هەروەها دایە سەیدزادە "خەدیجە ئیسماعیلی" خەڵکی گوندی "وسووکەندی" ناوچەی شاروێرانی مەهاباد، دایکی شەهید "ئیبراهیم چابۆک" ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٨ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ی هەتاوی لە تەمەنی ٩٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

تەرمی دایە خەدیجە لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاک ئەسپێردرا.

شەهید ئیبراهیم چابۆک ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی، مانگی جۆزەردان لە پایەگای "چڕی سپی" گوندی "گوێگ تەپە"ی مەهاباد لە شەڕ دژی داگیرکەرانی کوردستان شەهید بوو.

ماڵ دایە خەدیجە شوێنی حەسانەوەی هەموو کادر و پێشمەرگەکانی هێزی "پێشەوا" و "قەندیل" بووە.

هەروەها ڕۆژی هەینی ٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ی هەتاوی کاک "حوسێن بایزیدی ئازەر" خەڵکی شاری مەهاباد بە هۆی پیری کۆچی دوایی کرد.

ناوبراو کەسێکی خۆشناو و جێگای متمانەی خەڵکی ناوچەکە بوو و تا دوایین ساتەکانی ژیانی وەفادار بە ڕێبازی حیزبی دێموکرات مایەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرخۆشی لە بنەماڵە و خزم و کەس و کاری ناوبراوان دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## درێژەی پەیڤ

٣٨ ساڵ هێشتا بە تانک و تۆپ و مووشەک بەرەوڕووی لاوانی کورد دەبنەوەو لە نێو شەقامەکانی شاردا سەنگەر لێ دەدەن!

ڕەنگە چەک و جبەخانە و ئەرتەشی زەبەلاحی سەرکوتکار و سوپای پاسدارانی تیرۆریست بتوانن دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیک و دیکتاتۆری لە نێو خاکێکدا بسەپێنن، بەڵام هەرگیز ناتوانن بەسەر خەڵکدا حکومەت بکەن، چوونکە ئەو خەڵکە تەنیا لەبەر پاراستنی گیانیانە کە ڕەنگە بۆ ماوەیەک بێدەنگ بن، بەڵام ڕۆژێک بێزارییان لەو داگیرکاریە نیشان دەدەنەوە. ئەو هێزە فڕوفیشاڵیانەی وەکوو ئەرتەشەکەی ڕەزا شا و سوپای بەعس و ئەرتەشەکەی مالیکی چۆنیان بەسەر هات، داهاتووی سوپای پاسداران و ئەرتەشەکەی عێراقی ئێستاش کە دەیهەوێ بە نمایشی چەک و سەرکوت حکومەت بکا، بەو چەشنە دەبێ چوونکە هەرچی بەهێزیش بن لە ئەرتەشە خاوەن چەکە ئەتۆمیەکەی سۆڤیەت بەهێزتر نابن، کە دوای ٩ ساڵ داگیرکاری، بەناچار ئەفغانستانی داگیرکراویان بەجێ هێشت و لە بەرامبەر نارەزایی خەڵکی سۆڤیەتیشدا خۆیان پێ ڕانەگیرا و بە شەو و ڕۆژێک حکومەتە دیکتاتۆرییە پرۆلتاریایەکەیان تێکەوە پێچرا.

چەک و جبەخانە ڕەنگە چەند ڕۆژێک داگیرکەر بپارێزێ، بەڵام هەرگیز ڕەوایی بۆ حکومەت ناهێنێ؛ حکومەتێک کە نەتوانێ دڵی خەڵک وەدەست بێنێ، ئاکامەکەی هەر ڕووخانە.

# شکستی کەرکووک کۆتایی ڕێگا نییە!

مستەفا هیجری




شکستی سەرکردایەتی سیاسی کوردی باشوور لە بەرانبەر هێرشی حەشدی شەعبی و سپای حکوومەتی بەغدا بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکانی باشوور بە تایبەت کەرکووک بەو شێوەی کە دیتمان، هۆیەکان و وردەکاریەکانی ئەم کارەساتە، شیکردنەوە و ئاکام وەرگرتنێکی بێلایەنە بۆ پەندێکی دیکەی مێژووی کوردستانە زامدارەکەمان - ئەگەر پەند وەرگر بین - ئەرکێکی گرنگی مێژوونووسان لەبەر ڕووناکایی ڕاستییەکانی ئەو ڕووداوە کارەساتبارەیە کە جارێ بۆ زۆر کەس و یەک لەوان بۆ خۆم نادیارن. بۆیە ئەوەی من لەم وتارەدا دەمهەوێ ئاماژەی کورتی پێ بکەم، چەند خاڵێکی گرنگی سیاسین کە بە پێویستم زانی لەم هەلومەرجە دژوارەدا کە باشووری وڵاتەکەمان بەتایبەتی و هەموو کوردستان بەگشتی بەرەو ڕووی هاتووە لەسەریان ڕاوەستم:

**یەکەم** - هێندێک لە چاودێرانی سیاسی، بەتایبەت ئەوانەی بەهەر هۆیەک لەگەڵ گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان نەبوون، یان پێیان وابوو کاتەکەی گونجاو نییە، بەو ئاکامە گەیشتوون کە هێرشەکە ئاکامی گشتپرسی بوو، واتە ئەگەر گشتپرسی نەکرابا ئەو هێرشە نەدەکرا.

ئەم بۆچوونە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئەو کەسانە تا ئێستاش بە درووستی شارەزای سیاسەت و بەرنامەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە عێراق و بەتایبەت لەسەر کورد و هەرێمی ئۆتۆنۆمی باشور نین. ڕێژیمێک کە بوون و پەرەگرتنی نفووز و دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەدا لە شەڕ و ئاژاوەدا دەبینێ، بۆ ئەوئامانجەش بەشی زۆری داهاتی وڵاتەکەی خۆی بۆ بەهێزکردنی گرووپ و دەوڵەتە تیرۆریستەکان، پێکهێنانی دووبەرەکی تایفی و ئایینی و ... خەرج دەکات و گرنگترین دووژمنی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندایە.

هەر لە ڕاستای ئەم سیاسەتەدا و دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حوسێن و بەتایبەت دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە ساڵی ٢٠٠١، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی جێگای بەتاڵی ئەوانی پڕ کردەوە و بە خێرایی نفووزی خۆی لە هەموو جومگەکانی دەسەڵات و سیاسەتی حکوومەتی بەغدا جێگیر کرد. یەکێک لەو جومگە گرنگانە پێکهێنانی هێزی میلیشیای حەشدی شەعبییە کە بەشێکی زۆر لە چەک، بودجە و بەتایبەت پەروەردەی لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە دابین دەکرێ و لە ئێستادا بەشێکی زۆرتری ئەو هێزە گەورەیە لە فەرمانەکانی قاسم سلێمانی فەرماندەی قودسی سپای پاسدارانی ئێران پێڕەوی دەکا و لەباری ئایینیەوە پێڕەوی ئایەتوڵڵا خامنەیی ڕێبەری ئایینی ئێرانن.

لە ڕووناکایی ئەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامیدا شتێکی شاراوە نەبوو کە حکوومەتی بەغدا هەموو ئەو ناوچە کێشەلەسەرانەی هەرێمی کوردستان کە بەدوای هێرشەکانی داعش هێزەکانی خۆی لێ کشاندبۆوە، لە دەرفەتێکی گونجاودا دووبارە دەستیان بەسەردا بگرێتەوە، چوونکە ئەگەر وا دابنێین کە حکوومەتی بەغداش نیازێکی ئەوتۆی نەبێ، کۆماری ئیسلامییەک کە شکڵ گرتنی حکوومەتی هەرێمی بەبێ ناوچە کێشەلەسەرەکانیش پێ قبووڵ ناکرێ، چۆن دەتوانێ فراوان بوونەوەی دەسەڵاتی حکوومەتی ئەو ناوچەیە قبووڵ بکا؟ لە ڕاستیدا یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی تاران لە بنیاتنانی حەشدی شەعبی، بەکار هێنانیانە بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانی خۆی و یەک لەوان ئەم هێرشە بوو بۆ سەر کوردستان(١). پێش لە هێرشەکانی داعش بوو کە مالیکی سوپای عێراقی بە فەرماندەیی ئەبولئەمیر زەیدی نارد تاکوو کەرکووک و خانەقین بگرنەوە. لە چەند ساڵ پێشیشەوە بوودجەی حکومەتی هەرێمیان بڕیوە تاکوو بە گوشاری ئابووری لە نێوخۆوە بڕووخێ. بەم چەشنە بەو ئاکامە دەگەین کە ئەگەر گشتپرسیش نەکرابا پیلانی دەست بەسەردا گرتنەوەی ناوچە کێشەلەسەرەکان بە کەرکووکیشەوە لەلایەن بەغداوە جێبەجی دەکرا، بەو جیاوازییەوە کە ئەو گەلەکۆمەکییەی کە لەلایەن دوژمنانی کوردەوە دوای گشتپرسی پێکهات و، ئەو پشتگرییەی لە بەغدا کرا شێوەیەکی دیکەی بەخۆیەوە گرتبا.

**دووهەم** - ئەو هێرشەی دوای گشتپرسی باشووری کوردستان ڕوویدا و لە ئاکامدا کورد بەشێکی زۆر لە دەسکەوتە سیاسییەکانی خۆی لە دەست دا، شکستێکی گەورە بوو کە شوێندانەری نەرێنی لەسەر ڕەوانی هەموو تاکێکی کورد داناوە و، برینێکی مێژوویی دیکەی لە جەستەی خوێناوی کوردستان پێکهێناوە، بەڵام ئەمە یەکەمین شکست و یەکەمین برین نەبوو؛ لە ڕابردووشدا زۆر جاری دیکە و هەر جارەی پارچەیەک لە لەشی ئەو نیشتمانە کەوتووەتە بەر هێرش و پیلانی دوژمنانمان و چوونکە ئەوان بەهێزتر بوون بەرەوڕووی شکستیان کردوینەتەوە. ڕەنگە لە داهاتووشدا ئەم سناریۆیانە دووپات ببنەوە، تا ئەو کاتەی ستەم و داگیرکاری دوژمنانمان لە ئارادا بێ، خەبات و بەربەرەکانێی کورد بۆ ڕزگاری لە زوڵم و داگیرکاریش بەردەوام دەبێ. کەوابوو ئەو شکستە کۆتایی ڕێگا نییە؛ باشوور هەڵدەستێتەوە و تەپوتۆزی ئەو شکستە لە قامەتی زامداری خۆی دەتەکێنێ، هەروەک ئەوەی دوای شکستەکانی خۆی لە ڕابردوودا کردوویەتی. مێژووی سەد ساڵی ڕابردووی خەباتی کورد و شکستەکانی لە کۆماری کوردستان، شۆڕشی سمکۆ، شێخ سەعیدی پیران، مەلا مستەفا بارزانی و ئەنفال و کیمیایی باران و ... هەمووی ئەو ڕاستییەمان پێدەڵێن، تەنانەت تازەتر لە هەمووی ئەوانە خۆڕاگری پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕی پردێ، زوممار و ... شاهیدی دەدەن کە باشوور لە پێ نەکەوتووە و هەناسەی بەرخۆدان هەروا بەهێزە.

**سێهەم** - بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەو کەوتن و هەستانەوانەدا زۆر بابەتی جێگای پرسیار هەن کە ئێش و ئازاری کەوتنەکان زیاتر دەکەن؛ لە لایەکی دیکەشەوە زۆر دەرس و ئەزموونی جێگای لێ فێربوون لە ناوەڕۆکی ئەو شکستانەدا بەدی دەکرێن کە ئەگەر ئەو پرسیارانە وەڵام نەدەینەوە و ئەو دەرس و ئەزموونانە فێر نەبین، مەحکووم بەوەین لە داهاتوودا بۆ جارێکی دیکەش تووشی ئەو کارەساتانە ببینەوە. هەروەک چۆن دەرکەوت ئەم جارەیان وەڵامی پرسیارەکانی شکستەکانی ڕابردوومان لە لا نەبووە و دەرسیشمان لێ وەرنەگرتوون:

گەلۆ، دیسان بەسڵاو و مەرحەبابییەکی دوژمنانمان دڵخۆش دەبین و ئەوانمان لێ دەبنەوە دۆست و پشتیان پێ دەبەستین بۆ ڕۆژی تەنگانە؟ پێمان وایە ڕاستییەکان هەموو لە لای ئێمەن و خەڵکی دیکە هەرچی دەیڵێن، ناڕاستن؟ دیسان کۆنەقین، یەکتر بێبایەخ کردن و شکاندن، هزر و بیرمان دادەگرێ، یان لێبووردەیی، پشت بەیەکتر بەستن و یەکگرتوویی ڕیزەکانی گەل چۆنیەتیی پێوەندییەکانی نێوانمان دیاری دەکا؟ لە کوردستاندا هەوڵ دەدرێ کە بەرژەوەندی و ستراتژیی نەتەوەیی دابڕێژرێ و هەموو لایەنە سیاسییەکان لەخۆ بگرێ یان هەر بەرژەوەندیی حیزبی باڵادەست دەبێ؟ سەرئەنجام حکومەتی هەرێمی باشووری کوردستان لەبەرامبەر گەندەڵیی لە زۆربەی بەشەکانی ئابووری و نیزامی و ئیداری و... دا بێدەنگ دەبێ، یان نەخێر ئەو شکستە ڕایچڵەکاندووە و بەخۆیدا دێتەوە و دەست دەکا بە دامەزراندنی بنچینەی کوردستانێکی سەربەخۆ کە زیاتر لە ٩٠ لە سەدی خەڵکی باشوور دەنگی بۆ داوە؟

داهاتوو وڵامی ئەو پرسیارانە و زۆر پرسیاری دیکەی لەو چەشنەشمان دەداتەوە.

> **کە ئەگەر گشتپرسیش نەکرابا پیلانی دەست بەسەردا گرتنەوەی ناوچە کێشەلەسەرەکان بە کەرکووکیشەوە لەلایەن بەغداوە جێبەجی دەکرا، بەو جیاوازییەوە کە ئەو گەلەکۆمەکییەی کە لەلایەن دوژمنانی کوردەوە دوای گشتپرسی پێکهات و، ئەو پشتگرییەی لە بەغدا کرا شێوەیەکی دیکەی بەخۆیەوە گرتبا.**

> **تا ئەو کاتەی ستەم و داگیرکاری دوژمنانمان لە ئارادا بێ، خەبات و بەربەرەکانێی کورد بۆ ڕزگاری لە زوڵم و داگیرکاریش بەردەوام دەبێ. کەوابوو ئەو شکستە کۆتایی ڕێگا نییە؛ باشوور هەڵدەستێتەوە و تەپوتۆزی ئەو شکستە لە قامەتی زامداری خۆی دەتەکێنێ.**

**(١)نووسەری ئەو دێڕانە لە کۆتایی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاویدا وتارێکی لەژێر عینوانی «کۆماری ئیسلامی چ خەونێک بۆ عێراق دەبینێ؟» (http://sikirter.org/detail.aspx?id=911&LinkID=6) بڵاوکردوەتەوە، ئەوکات لەو وتارەدا پێشبینی دەوری ئێرانی لە هێرشەکانی داعش و حەشدی شەعبی بەوشێوەی کە تا ئێستاش چوەتە پێش، کردووە .**

کەیوان درووەدی

## چەند ڕەهەندێک لە پرۆژەی ئایدیای ئیمپراتوریی ئەتۆمی



ئایدیای ئیمپراتوریی قەومی وەکوو پرۆژەی حکوومی لە کۆتاییەکانی قاجار و سەرەتای پەهلەوییەوە لە ئێران دەستپێکرد. وەک لە رابردوو و ئیستادا دیارە ئاوێتەیەک لە ئەزموونی سیستمی پاشایەتی و عەقڵییەتی شیعەگەریی ویلایەتی فەقیهی وای کردووە کە جوغرافیای ئێران ببێتە مەیدانێکی ئاوەڵای ئیدەئال بۆ ئەم مەبەستە. ئەگەرچی بەریەککەوتنی ئەم دوو ڕەهەندە هزرییە تەواوکەرە، بە لێشاو لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا دیارە، بەڵام جۆرێک لە لێکتێگەیشتنیان بۆ کاتی دیاریکراو هەیە. هۆی ئەم تێگەیشتنە هاوبەشەش بۆ تەواوکەربوونیان دەگەڕێتەوە کە بنەچەکەی لە پێگەی کۆمەڵایەتیی هاوتەریبیاندایە کە بەدرێژایی مێژوو جەماوەرێکی گەورەی ئاپۆڕەی لەدەور خۆیدا کۆ کردووەتەوە. هۆی گوتاری دژەعەرەبیی ڕێژیمی ئیسلامیش هەر بۆ ئەم مەسەلە دەگەڕێتەوە کە گەرەکی نییە تووشی لەکیسچوونی پێگەی لای دەستەی دووەم بێت. ئەم کردارە لە ناوەندی دەنگ و ڕەنگی ڕێژیمدا تەنانەت لە کێبەرکێیەکی وەرزشیدا دیارە تا دەگات بە بانگەشەی هەڵبژاردنەکان و پەنابردن بۆ سیمبۆل و ئێلێمانەکانی قەومی و میراتی پاشایەتی کە لە سەردەمی خاتەمییەوە بوو بە باو و لەلای ئەحمەدینژاد و ڕۆحانییەوە درێژەی پێدرا. جەختی ئێمە لەم وتارە لەسەر پرۆژەیەکە کە تا ئێستە کەمتر لەسەری باس کراوە. پرۆژەی وزەی ناوکی بەهیچ شێوازێک دەرهاویشتەی دەسەڵاتی دەستەی حوکمڕانی دوای ٥٧ نییە. بەڵکوو ڕێژیمی ئیسلامی تەنیا درێژەدەری ئەم ئایدیایە بووە. وزەخانەی ئەتۆمیی بووشەهر بە گرێبەستێک لە ساڵی ١٩٧٤ی زایینییەوە لە نێوان دەسەڵاتی دەرباری ئەوسای ئێران و کۆمپانیایەکی ئاڵمانی ئیستارتی لێدرا و بەردەوام بوو. لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران ڕۆژنامەی زمانحاڵی دەستەی حوکمڕان لە ژمارەی ١٤ی خۆیدا لەژێر ناوی "وزەخانەی ئەتۆمی ناپاکییەکی ئاشکرا دژی گەلی ئێمەیە"، بە فەرمی سیاسەتی خۆی بەرامبەر بەم پرۆژە دەرخست. بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٢ دەرکەوت کە بە شێوازی شاراوە و دوور لە چاودێریی ڕێکخراوی جیهانیی وزەی ناوکی لە ماوەی ئەو ساڵانەدا درێژەی بەم پرۆژەیە داوە. ئەم نهێنییەی ڕێژیم لەلای ڕێکخراوی شووڕای میللی مقاومەت بۆ یەکەمجار ئاشکرا کرا کە ئەمەش لەخۆیدا پەیامی ئەوەی پێیە کە ڕێکخراوە جیهانییەکانی پەیوەندیدار بەم پرسە و هەروەها ئامریکاش ناتوانن دڵنیا بن لەوەیکە لە حەشارگە نیزامی و ئەتۆمییەکانی نێو ئێران چی دەگوزەرێ!

لێرە بەدواوە لە کاتێکدا کە رای گشتی لای وابوو گەمارۆ دەتوانێ وا لە ڕێژیم بکات دەست لە پیتاندنی ئۆرانیۆم هەڵبگرێ، بەڵام وا نەبوو و لە کۆتاییدا بە ڕێککەوتنێک ناسراو بە بەرجام ئەم قەیرانە لە کەفوکوڵ نیشتەوە. بەڵام ئەمە کۆتایی کار نەبوو و دوای ئەم ڕێککەوتنە لەرزۆکە، بەرجام بوو بە قەڵغانێک بۆ هەرجۆرە زەخت یان کاردانەوەیەکی جیهانی لەبەرامبەر ئەوپەڕخوازیی ئایدیای ئیمپراتۆرییەکە. لێرە بەدواوە دەستی سوپای قودس و قاسمی سولەیمانی لەژێر سێبەری بەرجام بۆ برەودانی زاڵییەتی دەسەڵات ئاوەڵاتر بوو. لێرەدا دەوری بەرجام ئەوەبوو کە هەڕەشەی ئەتۆمیی لەسەر ناوچە و جیهان لابردووە و بووەتە هۆی گەرەنتییەک بۆ ڕاگرتنی پڕۆسەی پیتاندنی ئۆرانیۆم. بەو بۆنەوە بەشدارانی ڕێککەوتنەکە و بەتایبەتی ئوروپاییەکان، ئێستەشی لەگەڵ بێ، لاپەڕەکانی بەرجام وەک یاسایەکی جیهانی گشتگیر دەبینن و پێداگرن لەسەر پراکتیزەکردنی. بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکان هەر زوو کەوتە باسکردن لە دەرهاویشتە نەرێنییەکانی و دەستەواژەی "ڕۆحی بەرجامی" هێنا کایەوە. ئەدمینیستڕەیشنی نوێی ئامریکا درکی بەوە کردووە کە ئیدارەی ئۆباما فایلێکی ناتەواوی لە کۆشکی سپی جێهێشتووە کە چارەنووسی تاقیکاری ڕۆکێتی بالێستیک، دەسدرێژی و داگیرکاریی نیزامی لە ناوچە و بەگشتی مەسەلەی سوپای قودس یەکلایی نەکردووەتەوە. ڕووی گرینگی ئەم مەسەلە پشتیوانیی پڕاوپڕی بەشی قەومگەرای ئۆپۆزیسیۆنی بەناو سەرانسەرییە لە دەستێوەردانەکانی شەخسی قاسمی سولەیمانی کە ئەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئایدیای ئیمپراتۆری لە هەر فۆرمێکدا بۆی دەلوێ خۆی دەردەخات. وزەی ناوکیش ئەگەر لە سەردەمی پەهلەوی و هەتا ئێستەش نەیتوانیوە خەونی چەکی ناوکییان بۆ بەدی بێنێت، خۆ توانیویەتی ببێتە قەڵغانێکی ئەستوور کە نەتەنیا ڕوویان وەک ئیرادەیەکی ئاشتیخواز بنوێنێ بەڵکوو لایەنی ڕێسایی و یاسایی و تەنانەت ئاکاریش بەخۆوە بگرێ و ببێتە شووشەیەکی ناسکی سیمبۆلیک کە دەست و لاقی هەموو زیان لێکەوتووانی ناوچە و جیهان و ناوخۆی ئێران بەرامبەر بە ئایدیاکەیان ببەستێتەوە و هەر هەنگاوێکیان بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ئەم ئایدیا تۆقێنەرە دەبێ بەسەر بەربەستێک بە ناوی بەرجام هەڵبگیردرێ. لەگەڵ هەموو ئەم ڕاستییانە کە وەک ئەمری واقیع چەسپاون، پێداگریی یەکیەتیی ئورووپا بۆ مانەوە بە ئاراستەی بەرجامدا زیاتر لە جاران ڕێخۆشکەرە بۆ درێژەی ڕەوتی خێرای تێرۆریزمی فاشیزمی قەومی/ مەزهەبیی ڕێژیمی ئێران. هەربۆیەش ئەگەر بێتو جیهان بە زوویی چارەسەرێک بۆ ئەم قەیرانە شاراوە نەبینێتەوە، ئەوە بە زانینی ئەو ڕاستییە کە ئەم دەسەڵاتە سەدان کیلۆمیتری دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بڕیوە و چمکێکی لە لێوارەی مەدیترانە و لایەکی لە کەنداوی عەدەن دەدات دەبێ قەبووڵی دەسەڵاتێکی ملهوڕی ئیرادەگەرا بکات کە زۆر زیاتر لە کۆرەی باکوور مەترسیدارتر، بێسنوورتر و کارەساتبارەترە. هەروەها گەلانی نێو جوغرافیای ئێران دەبێ ئەوە بزانن کە لەم حاڵەتەدا کە تێیدان، جیا لە لێک نزیکبوونەوە و دان بەیەکترنان هیچ دزەرێگەیان لە داهاتوو بۆ ڕزگاری لەژێر چەپۆکی ئەم ئایدیا فراوانخوازە لەبەردەمدا نامێنێ.

# ئیمپراتوریی نافەرمی ئێرانی




د. ئیدریس ئەحمەدی

وێڕای بەرینبوونی دەسەڵات و پەرەئەستاندنی ئاڵۆزیی لە ئاست جیهانیی و ناوچەییدا، شکڵێکی نوێ لە ئیمپراتۆریی ئێرانی لە سەرهەڵداندایە کە هەم مەترسییە و هەمیش دەرفەت بۆ کورد.

کۆدەنگی سەبارەت بە پێناسەکردنی نیزامی نێودەوڵەتی پاش نسکۆی ئەمریکا و کۆتاییهاتنی قۆناغی تاکجەمسەری پاش شەڕی سارد نییە، هەرچەند زۆر کەس باس لە سەرهەڵدانی "فرەجەمسەری" دەکەن. چەندە پێناسەکردنی نیزامی نێودەوڵەتی ئەستەمە، ئەوەندەش سەردەرکردن لە نیزامی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دژوارە.

نیزامێک کاتێک فرەجەمسەر دێتە ئەژمار کە زیاتر لە سێ هێز یان هاوپەیمانی کەم تا زۆر هاوسەنگی یەکتر لە ڕووی هێزی ئابووریی و نیزامییەوە لە ئارادا بن. ئەگەر هەر سێ هێزی لە ئارادا بن، ئەوا بە سێجەمسەر دێتە ئەژمار. دووجەمسەری، وەک لە سەردەمی شەڕی سارددا، پێکهاتووە لە دوو زلهێزی سەرەکی. تاکجەمسەریش دوای تێکرمانی یەکیەتی سۆڤییەت سەری هەڵدا، کاتێک ئەمریکا وەک تاکە زلهێز مایەوەو هەروها گەیشتە لووتکەی دەسەڵاتی خۆی.

ئیمپراتۆری وەک ئەوەی ڕۆم و ئەوانی دیکە لە مێژوودا، دەشێ وەک نموونەیەکی دیکە لە دەسەڵاتی تاکجەمسەر باس بکرێن، بەڵام "جەمسەری" تەنیا ئاماژەیە بە چڕبوونەوەی دەسەڵات لە شکڵی جیاوازدا، لە کاتێکدا "ئیمپراتۆری" یەکەیەکی سیاسییە کە ڕێگا بە یەکەی دیکەی سەروەر نادا و هەوڵ دەدات تا بۆی بکرێ، خاک و یەکەی دیکەی سیاسیی بێنێتە ژێر ڕەکیفی خۆی و بیانکات بە پاشکۆ، ئەویش لە ڕێگای سیاسەتی پێکهێنانی دووبەرەکی لە پێناو حکومەتکردندا. لە ئیمپراتۆریدا، دەسەڵاتی ناوەند یەکەکانی دیکە دەکا بە پەراوێزی خۆی و فەرمانیان پێ دەدا سیاسەتی ناوەند جێ بە جێ بکەن.

کاتی خۆی، سامویل هانتینگتۆن نیزامی پاش شەڕی ساردی وەک "یەک-فرەجەمسەر" (uni-multipolar) پێناسە کرد. هەرچەند ئەو دەستەواژەیە سەیر و بگرە هەڵگری دوو دەستەواژەی دژەیەکە، بەڵام ڕەنگ بێ ئێستا لە هەموو کاتێک باشتر وەسفی نیزامی نێودەوڵەتی ئێستا بکات. ئەمریکا لە ڕووی هێزی نیزامییەوە یەکەمی بێ ڕەکابەرە و بەو مانایە، تاکجەمسەرە. هاوکات، لەم ساڵانەی دواییدا، چین، ڕووسیە و یەکیەتی ئەورووپا لە ئاستی جیهانیدا، وەک جەمسەر دەرکەوتوون. چین زۆرتر دەسەڵاتی ئابووریی لەدەستیدا چڕ بووەتەوە و بە پێی هێندێک پێوەر، ئێستا ئابوورییەکی بەهێزتری لە ئەمریکا هەیە. ڕووسیە زۆرتر لە ڕووی نیزامیی و جیۆسیاسییەوە هاتووەتە پێش، لە کاتێکدا یەکێتی ئەورووپا، وێڕای هێزی ئابووری، زۆرتر هێزی دیپلۆماسیی و دەسەڵاتی نەرمی لە خۆی نیشان داوە.

هەڵبەت ئەمریکا لەم دۆخە "یەک-فرەجەمسەرییەدا" پاش دوو شەڕی پڕتێچوو و بێ دەسکەوتی ستراتیژیک لە ئەفغانستان و عێراق وێڕای گرفتی دارایی، ناچار بوو پاشەکشە بکا. ستراتیژی ڕووخاندنی ڕێژیمە دیکتاتۆرو پاڵپشتەکانی تیرۆر دوای ١١ سێپتامبر، کە لە ئەفغانستان و عێراق جێ بە جێ کرا، پارسەنگی هێزی بە قازانجی ئێران گۆڕی. پاشەکشەکردنی ئەمریکا لە عێراق، دواجار وای کرد ئێران لە عێراقدا بتوانێ حکومەت بکا. لە لایەکی دیکەوە، ئەو بۆشاییانەی کە لە ناوچەکەدا هاتوونەتە کایەوە، ڕووسیە بە نیازە پڕیان بکاتەوە، هەرچەند لە ڕووی نیزامییەوە، تاکوو ئێستا هەر لە سوورییە ئەو کارەی کردووە.

ئەگەر لە ئاستی جیهانیدا نیزام "یەک-فرەجەمسەرییە"، لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا تێکەڵاوێکە لە فرەجەمسەری و سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەتێکی نافەرمی ئێرانی. ئەم ئیمپراتۆرییە "نافەرمییە" بەو واتایەی کە ئێران بە فەرمی سنووری وڵاتانی دیکە ناگۆڕێ، بەڵکوو پانتاییەکی جوگرافی بەرین بە شێوەیەکی لێکگرێدراوی جیۆسیاسی و تایفەیی لە ئێرانەوە تاکوو لوبنان لە خۆ دەگرێ. لە بەرانبەر ئیمپراتۆری نافەرمی ئێرانیدا، هاوپەیمانییەکی نافەرمی لە نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی سوونەدا لە شکڵ گرتندایە.

تایبەتمەندی سەرەکی نیزامی فرەجەمسەر نارووونییە. تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەوەیە کە لایەنە سیاسییەکان لە ترسی تێکچوونی پارسەنگی هێز، دەبێ چاوپۆشی لە مەسەلەی ئایدیۆلۆژی بکەن و نەرمی (ئینعێتافی) دیپلۆماتیک لە خۆ نیشان بدەن. هەڵبەت بە هۆی ئەو ئاڵۆزییەوە، مەترسی هەڵە کردن زۆرە. ئەوەش بە نۆرەی خۆی دەتوانێ ببێتە هۆی بەرپابوونی شەڕ.

ڕووسییە زۆرترین نەرمی دیپلۆماتیکی لە خۆ نواندووە. بەرهەڵستکارانی ئەسەدی لێ بەدەر، هەوڵ دەدا پەیوەندی لە گەڵ هەموو لایەک بگرێ و چەکیش دەفرۆشی بە ئێران و سعوودییە. ڕووسیە هەروەها پەیوەندی لەگەڵ کوردی ڕۆژئاوا و باشوور ڕاگرتووە. لە کاتێکدا ئەمریکا لە قەیرانی کەرکووکدا پشتی لە کورد کرد، ڕووسیە پەیوەندی وزەیی خۆی لە گەڵ باشوور پتەوتر کرد.

ئەمریکا پێداگریی دەکات لە سەر عێراقی یەکپارچە؛ بۆیە دژ بە سەربەخۆیی باشووری کوردستانە. ئەمریکا پێی وایە عێراقێکی یەکپارچەی بەهێز، دواجار نەک تەنیا لە ئێران دوور دەکەوێتەوە، بەڵکوو ئەرکی ئەمریکا لە ڕاگرتنی پارسەنگی هێز لە ناوچەکەدا کەم دەکاتەوە. بەڵام ئەم سیاسەتە، ئەمریکای لە کەرکووک تووشی هەڵەیەکی ستراتیژیک کرد، بەو مانایەی کە یارمەتیدەری بەهێزبوونی ئیمپراتۆری نافەرمی ئێران بوو. ئەمەش لە بنەڕەتدا، هەم ناکۆکە لە گەڵ ڕاگرتنی پارسەنگی هێز، هەمیش لەگەڵ سیاسەتی ڕاگەیەندراوی ئیدارەی ترامپ لەهەمبەر ئێران.

ئێستا چیدی دەسەڵاتی نگریسی ئێران لە عێراق یان لە شوێنی دیکەدا ناشاردرێتەوە. ئەمریکا بۆ ڕاگرتنی پارسەنگی هێز و لە درێژەی سیاسەتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، دەبێ پاشەکشە بە ئێران بکا؛ ئەوەش بە بێ هاوپەیمانی کورد ناکرێ.

لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا، سەرباری هەڵەی ستراتیژیکی ئەمریکا لە کەرکووک، کوردستان دیسان خاوەن سەنگی جیۆسیاسیی تایبەت بە خۆیەتی و هەرواش دەمێنێتەوە. هەڵبەت ئێران سیاسەتی ئیمپێریالیستی خۆی هەر دەباتە پێش و هەوڵی لەتکردنی یەک لە دوای یەک و تێکهەڵپێچانی هێزە کوردییەکان چڕتر دەکاتەوە.

لە قۆناغی یەکەمدا، ئێران هەوڵ دەدا ناکۆکی لە نێوان هێزە کوردییەکاندا بنێتەوە و لایەنێک دژ بە لایەنێکی دیکە هان بدا، بەڵام دوائامانجی ئێران لاوازکردن و لەنێوبردنی هەموو هێزێکی کوردییە. لە کاتی ئێستادا کە بە کردەوە عێراقی لە نێو ئیمپراتۆری خۆیدا تواندووەتەوە، سیاسەتی گۆڕدراوە. وەکوو جاران کە مەبەستی ڕاگرتنی پارسەنگی هێز بوو لە عێراق، تەحەمولی هەرێمی کوردستان و تەنانەت هیچ هێزێکی کوردی لە باشوور ناکا. هەروەها ترسی ستراتیژیکی لە بەهێزتربوونی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە، بۆیە چیدیکە بەشیوەی دابڕاو سەیری بەشە جیاوازەکانی کوردستان ناکا.

بۆ بەرپەرچدانەوەی ستراتیژی ئیمپێریالیستی نافەرمی ئێران، پێویست دەکا کۆدەنگییەکی ستراتیژیک و هاوکاری فرەلایەنە لە نێوان هێزی هەموو بەشەکانی کوردستاندا بێتە کایەوە. تەنیا کۆدەنگی ستراتیژیک و هاوکاری هەمەلایەنە دەتوانێ سەنگی کوردستان لە ململانێی جیۆسیاسییەکاندا ڕاگرێ.

# گوشاری ئابووری
# ئامرازی گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان

## (ناوچەی چۆمی مەجید خان وەک نموونە)

جەماڵ پۆرناسەر



یەکێک لە سیاسەتە دژی گەلییەکانی ڕێژیمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکان کە سەرچاوەگرتوو لە هزری فاشیستی ئەوانە و لە قەوارەی گەیشتن بە ئامانجە زێدەخوازانەکانیان خۆی دەبینێتەوە بریتییە لە گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەو هەرێمانەی کە دەنگی ناڕازی یان ئازادیخوازییان تێدا بەرز دەبێتەوە.

لە عێراقدا و لە سەردەمی ڕێژیمی سەدام حسەین ئەم سیاسەتە لەدژی شارێکی وەک کەرکووک ئەنجام درا کە بە سیاسەتی "تەعریب" ناوی دەرکرد؛ یان هەوڵدانی حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی تورکیە و سوریە بۆ بەتاڵکردنەوەی گەلی کورد لەو دوو پارچەیەی کوردستان لە شوناسی نەتەوەییان.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا ئێمە شاهێدی دۆخێکی لەم جەشنە هەین؛ لە سەردەمی دەسەڵاتی پالەویدا و لە نێوئاخنی گوتاری "یەک دەوڵەت — یەک نەتەوە" هەوڵ بۆ سڕینەوەی شوناس و پاکتاوی ڕەگەزی گەلانی ئێران و لەسەرووی هەموان گەلی کورد درا کە ئەگەرچی شکستی خوارد بەڵام بوو بە هەوێنی سیاسەتدارێژی سیستمی دوای خۆی واتە کۆماری ئیسلامی ئێران.

یەکێک لەو ناوچانەی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە ساڵانێکی دووردرێژە لەم ڕاستایەدا هەوڵ بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیاکەی دەدرێت ناوچەی چۆمی مەجیدخانە؛ ناوچەی چۆمی مەجیدخان یەکێک لەو ناوچانەیە کە لە ڕووی کشتوکاڵییەوە بە ناوچەیەکی دەوڵەمەند دێتە ئەژمار و لە پارێزگای ورمێ بە جەمسەرێکی بەهێزی چاندنی چەوەندەر دەناسرێ، بەڵام چەندین ساڵە لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامی تارانەوە گوشارێکی بێوێنە خراوەتە سەر خەڵکی ئەو ناوچەیە و هەرجارە بیانوویەک بە جوتیارانی ئەو ناوچەیە دەگرن.

چەندین ساڵە بە بیانووی پڕکردنەوەی گۆلی ورمێ گوشاریان خستۆتە سەر جوتیارانی ئەم ناوچەیە، کە نابێ بیر لێدەن و ئاوە بن عەرزییەکان هەڵنجێنن، بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەو کەسانەی لەو ناوچەیە دەژین بێجگە لە جووتیاری هیچ ڕێگایەکی دیکەیان بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانیان نییە و ئەگەر دەست لە جووتیاری هەڵگرن دەبێ ناوچەکە چۆڵ بکەن و بەرەو شارەکان و ناوچەکانی دیکە کۆچ بکەن.

بەپێی دوایین داتاکان لە چەندسەد کیلۆمیتر ئەولاتری ناوچەی چۆمی مەجیدخان واتە لە بەنداوی حەسەنلو ئەو کێشەیە نییە و وەک مەزندە دەکرێ هەزاران هێکتار زەوی کە بە بەنداوی حەسەنلو ئاوەدان بۆتەوە و ئێستا جوتیاری لێ دەکرێ؛ ئەگەر بڕوانینە جوغرافیای ناوچەکە دەبینین کە ئەو بەنداوە زۆر لە گۆلی ورمێ دوور نییە و سەرچاوەیەکی باشە بۆ پڕبوونەوەی گۆلەکە بەڵام بەهۆی سیاسەتی هەلپەرستانە و هەڵاواردنە نەتەوەییەکانی ڕێژیم و پشتیوانی دەسەڵات لە خەڵکێکی تایبەت لەو ناوچەیە، ڕێژیم ئەو کارەی نەکردووە و ناشیکا.

جێگای ئاماژەیە مەودای نێوان بەنداوی حەسەنلوو تاکوو گۆلی ورمێ کەمتر لە ٥٠ کیلۆمیتر بەڵام چۆمی مەجید خان بە سەدان کیلۆمیتر لەو گۆلە دوورە کە ئەو بڕیارەی بەرپرسانی ڕێژیم جێگای سەرسووڕمانە و زیاتر ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە بڕیارێکی لەم چەشنە بەشێوەیەکی ئامانجدار و لەدژی دانیشتووانی چۆمی مەجیدخان دراوە.

چۆمی مەجیدخان و دەوروبەری ناوچەیەکە کە لە بواری ئاوی ژێر زەوینییەوە دەوڵەمەندە بەڵام بەهۆی هەڵکەوتی جوغرافیاییەوە زەختی لەسەرە بە شێوەیەک کە بە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بەئەژمار دێت و ڕابردوویەکی خوێناویشی لە شەڕی داسەپاو بەسەر کوردستاندا هەیە؛ بە چەشنێک کە بە دەیان و سەدان خانوو لە لایان پاسدارەکانی ڕێژیمی ئیسلامی تارانەوە تاڵان کران، ڕووخێندران و سووتێندران و بە سەدان کەسی سڤیل لەو ناوچەیە بوونە قوربانی سیاسەتە دژی گەلییەکانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهییەوە و ڕێژیم زەبری کووشەندەی لەو ناوچەیە لە ڕووی سەربازییەوە وێکەوتووە، هەر بۆیە ڕێژیم هەستیارییەکی زۆری لەسەر ئەو ناوچەیە و دەوروبەری هەیە.

ماوەیەک پێش ئێستا ڕێژیم بڕیاری گواستنەوەی زیاتری ئاوی ڕووباری جەغەتووی بۆ شاری تەورێزدا کە نارەزایەتی خەڵکی ناوچەی لێکەوتەوە و بەرپرسانی ڕێژیم دەیان وت ئەو پڕۆژە نوێیە بۆ گواستنەوەی ئاوی جەغەتوو، تەنیا بۆ پەدافەندی غەیرەعاملە یانی ئەگەر ئەو خەتە لولە کۆنە، بە هەر هۆکارێک نەیتوانی ئاو بگوازێتەوە ئەوە لەو خەتە لولە نوێیە کەڵك وەردەگیرێ ئەوەش لە حاڵێک دابوو کە ئەو پڕۆژە نوێیە زۆر مەزنتر لە پڕۆژە کۆنەکە بوو و لە ٢٤ شار و ۳۳۷ لادێ تێپەر دەبوو و ۷۰ میلیارد تمەنییان بوودجە بۆ دانابوو بەڵام پڕۆژە کۆنەکە تەنیا لە ٦ شار تێپەڕ بووە و بودجەیەکی زۆر کەمیان بۆ تەرخان کردبوو؛ لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش کە ئایا ئەو پڕۆژە گەورەیە بەو هەموو خەرجەوە تەنیا بۆ پەدافەندی غەیرە عاملە؟!

ئەوەیکە پڕئاشکرایە ئەگەر ئەو ئاوانەی لەو ناوچەیەدان تەنیا ٢٠٪ بۆ زەوییەکانی ئەو ناوچەیە کەڵکیان لێ وەربگیردرێ هیچ کێشەیەک لە بواری جووتیاری لەو ناوچەیەو دەوروبەری نایەتە پێش؛ بەرپرسانی ڕێژیم ئاوی ئەو ناوچەیە بۆ خەڵکانێکی دیکە لە پارێزگاکانی دیکە بە ڕەوا دەزانن بەڵام بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیەی بە ڕەوا نازانن!

گواستنەوەی ئاوی ناوچەی چۆمی مەجیدخان و دەوروبەری لە حاڵێکدایە کە ڕێژیم بەبیانووی پڕبوونەوەی گۆلی ورمێ هەموو دژایەتییەک لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە دەکا کە بەشێکیان بەم چەشنەن: پڕکردنەوەی بیرە ئاوەکان، قەدەغەکردنی لێدانی بیر و نەدانی قەرز بۆ ئاسانکاریی جووتیاری، نەدانی پارەی بەرهەمە دەستەبەرکراوەکان لە لەلایەن ڕێژیمەوە و . . . .

لەلایەکی دیکەشەوە ڕێژیم لەو ناوچەیە گوشاری بۆ جووتیاران هێناوە و بەبیانووی جۆراوجۆر جووتیاران ئەزیەت و ئازار دەدا، چەندین ساڵە هەڕەشەی پڕکردنەوەی بیرەکان لەسەر جووتیارانی ئەو ناوچەیە هەیە و زۆر بیریشیان پڕکردۆتەوە کە لە زۆر حاڵەتدا بۆتە شەڕ لە نێوان هێزەکانی ڕێژیم و جووتیارانی ناوچە و خەڵکی تووشی سەرئێشەیەکی زیاتر کردووە؛ گوشارێکی دیکە کە چەند ساڵە دەستی پێکردووە نەدان یان درەنگ دانی پارەی بەرهەمی جووتیارانە؛ زۆرێک لە جوتیاران لە کاتی تەحویلدانی بەرهەمەکانیان پێیان دەڵێن ئەوە تەحویلتان دا بەڵام بۆ پارەکەی مەیەنەوە ئێرە، ئەگەر هەبوو دەتان دەینێ ئەگەریش نەبوو ئەوە لێیگەڕێن! لە زۆر حاڵەتیشدا پێشیان واژۆ دەکەن کە حەقیان نیە باسی پارە بکەن؛ جووتیارانیش لەبەر هەڕەشە و گووڕەشەی بەرپرسانی ڕێژیم داوای پارەکەیان ناکەن یان ئەگەر داواشی بکەن وەڵامیان نییە و زۆر جار بێڕێزیشیان پێدەکرێ هەر بۆیە ئەو بەرهەمانەی کە ڕێژیم بە قەولی خۆی دەستەبەری کردوون پارەکەیان زۆر جار بە دوو ساڵیش وەدوا دەکەوێ و جووتیاران بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانیان و پەرەپێدانی جووتیاری تووشی کێشە دەبن و بەرهەمی ئەو ناوچەیە بەرە بەرە دادەبەزێت.

شتێکی دیکەی سرنج ڕاکێش ئەوەیە کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا پەتەی قەند و تلەتەشیان لە جووتیارانی ئەو ناوچەیە بڕیوە و کارخانەی چەوەندەری میاندواو کە بۆتە کارخانەیەکی داسەپاوی ئەو ناوچەیە ئەو زەختەشی لەسەر جووتیاران زیاد کردووە و جووتیارانیش وەک هەموو ساڵێ لە ترسی بەرپرسانی ڕێژیم کە نەکا پەیمانەکەیان لێ هەڵپەسێرن یاخود بەرچەسپێکی سیاسیان لێ بدەن بێدەنگ دەبن؛ لە کۆبوونەوەکانی بەرپرسانی ڕێژیم لە کاتی تەحویل وەرگرتنی چەوەندەر بڕیاری نەچوونەدەری چەوەندەر لە پارێزگای ورمێ هەموو ساڵێ دەردەکرێ، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە زیادی چەوەندەری جووتیاران دەبێتە خەمێک بۆیان، چوونکە لەلایەک کارخانە لێیان وەرناگرێ و لە لایەکیش بەرپرسان و کارخانەدارەکان کە زۆربەی هەرە زۆریان مۆرەی ڕێژیمن ناهێڵن چەوەندەرەکە بچێتە دەرەوەی پارێزگای ورمێ و کارخانەکانی دیکەش بەهۆی پڕبوونەوەی ڕێژەی وەرگرتنی چەوەندەر لێیان وەرناگرن و جووتیار بە ناچار بە پارەیەکی کەم دەیفرۆشێ و قازانجەکەی دەچێتە گیرفانی دەڵاڵەکانەوە.

پیلانێکی دیکەی ڕێژیم لەم ڕاستایەدا بۆ خەڵکی ناوچەی چۆمی مەجیدخان گەڵاڵەی "نەکاشت" بوو کە دواتر ناوەکەی بۆ گەڵاڵەی "بهکاشت" گۆڕدراوە؛ لە گەڵاڵەی نەکاشتدا بڕیار وابوو نەهێڵن خەڵکی ناوچە و دەوروبەری کۆمەڵە بەرهەمێک وەک چەوەندەر، وێنجە، پیواز و بە گشتی ئەو بەرهەمانەی بە ئاوێکی رادەی زۆر بەرهەم دێن بچێنن و پێشیان پێ بگیردرێت ئەو کارەش یانی فەلەج بوونی جووتیاری ئەو ناوچەیە. پاشان کە گەڵاڵەی بهکاشتیان گۆڕیوە بە گەڵاڵەی نەکاشت بڕیار وابوو کە ئاودێری دەشتەکی جێگۆزینی ئاودێری بارانی بکرێت ئەویش ڕێژیم بۆ ئەو کارە هیچ ئاسانکارییەکی وەک دانی وام بە جووتیاران نەبوو و ئەگەر وامیشی دابا هێندە کۆسپی بۆ وەرگرتنی ساز دەکرد کە جووتیار لە ڕووی ناچارییەوە وازی لێدەهێنا.

وەک لە سەرەتاشدا باس کرا ئەو هەموو گوشارەی ڕێژیم لەو ناوچەیە پیلانێکی دزیوی ڕێژیمە کە دەیهەوێ بەو هۆیەوە دیمۆگرافیای ناوچە بگۆڕێ و ئابووری کوردستان لەو ناوچەیە ئیفلیج بکا و لەوەش زیاتر خەڵک تووشی چارەڕەشی بن.

# خەیانەت بە نەخۆشە کەمداهاتەکان لەژێر سێبەری کۆماری ئیسلامی



دابەش کردنی نادادپەروەرانەی سڵامەتی و هەڵاواردن و خەیانەت بە نەخۆشەکان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی گەیشتۆتە ئاستی قەیران، ڕێژیمی ئێران لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە خەڵکی خۆی بە شارۆمەندانی پلە یەک و دوو و سێ دابەش کردووە، واتە نەتەوە غەیرە فارسەکان بە شارۆمەندانی پلە دوو و سێ دادەنێ و لە ڕوانگەی جوغرافیایی_نەتەوەییەوە، جگە لە جوغرافیای نەتەوەی فارس و بەشێک لە ناوچەکانی کە بوونەتە ئامرازی دەستی دەسەڵاتدارانی تاران، بە ناوچە بێبەشکراوەکان و شوێنە شەڕلێدراوەکان دادەنێ کە ئەوەش بووەتە هۆکارێک بۆ هەڵاواردنی نەتەوە غەیرە فارسەکان.

لەو نێوەدا بەشی دەرمان و سڵامەتی کە نەدەبا هیچ هەڵاواردنێکی تێدا بە دی بکرایە، لە لایەن ڕێژیمەوە زەختێکی بەرچاوی لەسەرە و وای کردووە کە لە ناوچە شەڕ لێدراوەکانی ئێران کە نەتەوە پلە دوو و سێیەکانی ئێرانی تێدا دەژین، سڵامەتی بکەوێتە ئاستی قەیران و ڕۆژانە بەشێکی بەرچاو لە هاووڵاتییانی سەر بە نەتەوەکانی ئێران ژیانیان بکەوێتە مەترسییەوە؛ نموونەیەکی بەرچاوی نادادپەروەری سڵامەتی و هەڵاواردن، مردنی دایکان لە کاتی منداڵ بوون لە ناوچە بێبەشکراوەکانی ئێرانە.

نموونەیەکی بەرچاوی دیکە، کەسانی تووش بوو بە مادده هۆشبەرەکانن، هێندێک سەرچاوەی فەرمی دەڵێن زیاتر لە سێ میلیۆن کەس لە ئێراندا تووشی مادده هۆشبەرەکان بوون، بەڵام سەرچاوە غەیرە فەرمییەکان باس لە زیاتر لە دە میلیۆن کەسی تووشبوو بە ماددەی هۆشبەر دەکەن.

وڵاتی پڕ داهاتی ئێران پلەی ١٠٦ی هەیە لە نێوان ١٩٥ وڵات لە ئاستی هیوا بە ژیان؛ ئەوەش بەو واتایە دێت کە داهاتی وڵات بۆ دابین کردنی سڵامەتی لە ئاستێکی قەیراناوی دایە.

هەر بەپێی سەرچاوەکان ڕۆژانە ئەو کەسانەی بە ڕووداوی هاتووچۆ گیانیان لەدەست دەدەن زیاترە لەو کەسانەن کە ڕۆژانە لە شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق کوژراون.

دوای ئابلۆقە ئابوورییەکان بۆ سەر ڕێژیمی تاران دابین کردنی دەرمان، کێشەی سەرەکی بۆ خەڵکی ئێران ساز کرد و ڕێژیم ئەو دەرمانانەی کە لە ڕێگای قاچاخ هاوردەی دەکرد، لە نێوان شارۆمەندانی (وەک خۆی دەڵێ) پلە یەک و ناوچە پلە یەکەکان واتە نەتەوەی فارس دابەشی کردووە و ناوچە بێبەشکراوەکان و شارۆمەندانی پلە دوو و سێ بۆ دابین کردنی دەرمان دەبێ ڕێگایەکی دوور ببڕن و خۆیان بگەیێننە ئەو ناوچانەی خەڵکی پلە یەکی تێدا دەژی؛ دەنا دەبێ لە دەرمانی ئێرانی کە کوالێتی باشیان نییە کەڵک وەرگرن و ئەمەش هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر چارەسەری نەخۆشییەکان نییە.

لە ماوەی ڕابردوودا هەواڵی جۆراوجۆر و جێگەی داخ لە کوردستان بڵاو بووەتەوە کە جێگای تێڕامانن:

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢١ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی، کاتژمێر ٢:٤٠ خولەک تەقینەوەیەک لە نەخۆشخانەی زارای شاری میاندواو ڕوویدا کە بووە هۆی کوژرانی هاووڵاتییەک و بریندار بوونی پێنج کەسی دیکە.

لەو تەقینەوەیەدا بەشی ICU نەخۆشخانە بە تەواوی لە نێو چووە و نەخۆشەکانیش ئاوریان تێبەربووە کە بووەتە هۆی مردنی یەک لەو نەخۆشانە و سووتانی پێنج کەسی دیکەیان.

بەباوەڕی کارناسان هۆکاری سەرەکی ڕوودانی ڕووداوگەلی لەم چەشنە بۆ کۆن و بێ کەڵک بوونی کەلوپەل و پێداویستییەکانی نەخۆشخانەکان دەگەڕێتەوە کە بە هۆی کەمتەرخەمی بەرپرسانی ڕێژیم هاتووەتە ئاراوە.

نموونەیەکی دیکە:

ژمارەیەک لە ژنانی شاری شنۆ، بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین لە هەمبەر نەبوونی کەرەستە پێویستەکانی نەخۆشخانەی ئەو شارە نامەیەکیان بڵاو کردووەتەوە و داوایان کردووە بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران لەو شارە هەنگاوێک بۆ چارەسەریی ئەو کێشەیە هەڵبگرن.

نەخۆشخانەی "نەبی ئەکرەم" هەتا ئێستا ژوورێکی تایبەتی بە کەرەستەی پێشکەوتوو بۆ منداڵبوون تێدا نییە و ژنان لە کاتی منداڵبووندا بۆ شاری نەغەدە بەڕێ دەکرێن و ئەمەش هەڕەشە لە گیانی ژنانی دووگیان دەکات.

لە لایەکی دیکەوە نەبوونی کادر و پزیشکی شارەزا و پسپۆڕ لەو نەخۆشخانەیە بووەتە گرفتێکی دیکە و بەو هۆیەوە هاووڵاتییان بە تەواوەتی لەو نەخۆشخانەیە هیوابڕاو بوون و تەنیا لە کاتی ناچاریدا سەردانی نەخۆشخانەی "نەبی ئەکرەم" دەکەن.

لە نموونەیەکی دیکەی گەندەڵی و خەیانەتەکان بە خەڵکی کەمداهاتی ئێران، سەرۆکی یەکێک لە دەرمانخانەکانی شاری تاران نامەیەک بۆ پزشکی نەخۆشخانەیەک لەم شارە دەنووسێ و داوای لێ دەکا کۆمەڵە دەرمانێک کە ماوەیان بەسەر دەچێت لە نوسخەی دەرمانی نەخۆشەکاندا بیاننووسێ، تاکوو بەم شێوەیە خەسارە ئابوورییەکانیان لە بە قیمەتی یاری کردن بە گیانی هاووڵاتییان کەم بکەنەوە.

ئەو نموونەگەلە باس لە قەیراناوی بوونی دۆخی سڵامەتی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامی تاران دەکەن؛ بەم شێوەیەش هەڕەشەی مردن و دابەزینی ئاستی سڵامەتی کۆمەڵگا لە ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێت؛ ئەم نیشانانە بەو دەرەنجامەمان دەگەیێنێت کە بەردەوامی ئەم ڕەوتە لە داهاتوودا دەبێتە هۆی ڕوودانی ڕووداوگەلی دڵتەزێنتر و هەژێنەرتر لە ئێراندا و بەتایبەت لەو هەرێمانەی کە نەتەوەکانی ئێرانی تێدا دەژین.

# دەسەڵات و کۆمەڵگا



» جەماڵ فەتحی

لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی سیاسییەوە، حکوومەتەکان خاوەن دوو سیمای زبر و نەرمن و ئەم دوو تایبەتمەندییە لە نێوان هەموو حکوومەتەکاندا هاوبەشن؛ واتە چ دێموکراتێک و یاسامەند بن یان نادێموکراتیک و پێشلێکەری یاسا بن بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری سیاسیی و کۆمەڵایەتی پێویستە خاوەن ئەم دوو سیمایە بن.

لە هەر کۆمەڵگایەکدا جیا لە دەسەڵات و هێزی حکوومەتیی، چەندین دەسەڵاتی شاراوە لە نێو چینە جۆراوجۆرەکان بڵاو بوونەتەوە و لە هێندێکیان بە ئاشکرا و شاراوە شانبەشانی حکوومەتەکان لە ئیدارەی کۆمەڵگا دەور دەگێڕن، دەسەڵاتەکانی کۆمەڵگا ئەگەرچی دەسەڵاتێکی بەرچاو نین و لە پێوەندییە نێوەدەوڵەتییەکاندا، ئاراستەی ئەو پێوەندییانە ڕوویان لە دەسەڵاتە ئاشکراکانە (حکوومەتەکان)، بەڵام ئەوە کۆمەڵگایە کە ئەو هێز و دەسەڵاتەی بە حکوومەتەکان بەخشیوە، هەتا کۆمەڵگا تووشی بێسەرە و بەرەیی نەبێ و پێش بە ئانارشیزم و چەند بەرەکی بگیردرێت.

ئەوەیکە هەموو حکوومەتەکان بە یاسامەند و نایاسامەندەوە دوو سیمای زبر و نەرمیان هەیە، ئاماژە بەوە نییە کە حکوومەتەکان هەموویان یەک ڕێڕەو و یەک ناوەڕۆکیان هەیە، بەڵکوو ئەو دوو سیما و تایبەتمەندییە ئامرازی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی هەر حکوومەتێکی (دێموکراتیک و نادێموکراتیک)ە، بەڵام چۆنیەتی و شوێندانەریی سیماکانە کە ڕەوایی و ناڕەوایی دەسەڵاتەکان لە کۆمەڵگا دەستەبەر دەکات و هێزە شاراوەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ دەسەڵاتە ئاشکراکان هاودەنگ دەبن یان بەپێچەوانەوە بەرەیەکی دژبەر سەر هەڵدەدات. ئەگەر هێزە شاراوەکانی کۆمەڵگا لە نێو حکوومەتەکان ڕۆڵیان هەبێت، ئاستی پێوەندیی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگا لە ڕاستای کاروبارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان چڕتر دەبێتەوە و لێرەوەیە کە سیمای زبری دەسەڵات سڕ دەبێت و سیمای نەرم باڵ بە سەر کۆمەڵگادا دەکێشێت و ئارامی و سەقامگیریی لە کۆمەڵگا جێگیر دەبێت.

ئەگەر کۆمەڵناسی سیاسی، زانستی تاوتوێ کردنی پێوەندییەکانی نێوان دەسەڵاتی حکوومەت و دەسەڵاتی کۆمەڵگا بێت، ڕەوایی بوون و ناڕەوایی بوونی حکوومەتەکان و چۆنیەتی ئەو پێوەندییانەی ئاشکرا دەبن و ئاست و ڕۆڵی هێزە شاراوەکانی کۆمەڵگا لە حکوومەتدا دەردەکەوێت، ئەو پێوەندییانە لە دوو ئامانج یەکیان دەپێکێت؛ یان ئەوەیکە هێزی کۆمەڵگا لە خزمەتی دەسەڵات بۆ دەستەبەر کردنی ئازادی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی دایە، یان ئەوەیکە هێزی کۆمەڵگا لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بۆ نەرمی نواندنی ڕواڵەتی و ڕەوایی بەخشین بە حکوومەتەکەیان هەڵخەڵەتێندراون.

چۆنیەتی و چەندیەتی پێوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگایە، کە سیمای سەرەکیی هەر حکوومەتێک لە ئاستی نێوخۆیی پێناسە دەکات. پێشتر کە فۆرمی حکوومەتەکان بە شێوەیەکی کلاسیک بوو، کۆمەڵگا لەلایەک و پادشا و دەسەڵاتداران لە لایەک بوون، واتە پێوەندییەکان یەک لایەنە بوون و ناساندنی سیمای حکوومەتەکان زۆر ئەستەم نەبوو، چونکە دەسەڵاتداران خۆیان بە هەموو شتێکی ئەو پێوەندییە دەزانی کە هەموو مافێکیان هەیە و ڕەواییان لە ڕێگای هێزی نیزامی و زاڵبوون بە سەر سامانە گشتییەکانەوە وەردەگرت و لایەنی بەرانبەریشیان بە لایەنێکی پێناسە دەکرێت کە هیچ مافێکیان جگە لە ملکەچ بوون و ڕاپەڕاندنی دەستوورەکانی ئەوانیان نییە.

دابەشکردنی کۆمەڵگا بە سەر دوو بەشی "دەسەڵاتدار" و "ژێردەسەڵات" لەو کاتەوە کە پێوەندییەکان بە هۆی گەشەسەندنی زانستە تکنۆلۆژییەکان بەربڵاوتر بووە، ڕواڵەتی گۆڕیوە و دەسەڵاتداران بۆ داسەپاندنی ئەو سیما زبرەی خۆیان بە سەر چین و توێژەکانی کۆمەڵگا کە سەرچاوەی هێزە شاراوە و ئاشکراکانن، بە داڕشتنی تیۆری نوێ لە جیاتی ئەوەی خۆیان لە لایەک دابێنن و هێزی شاراوەی کۆمەڵگا لە لایەکی دیکەوە، هێزی خۆیان لە نێو تۆڕە تێکچێنراوەکانی کۆمەڵگا بڵاو کردووەتەوە و بە تێکەڵ بوون لەگەڵ بەشەکانی کۆمەڵگا هەتا لووتکەی تواندنەوەی بردوویانن و بە شێوازێکی دیکە هێزی شاراوەی کۆمەڵگایان بەرەو سڕکراوی و ملکەچی هان داوە.

ئەو دەسەڵاتانە کە بۆ بەردەوام بوون لە دەسەڵاتدارییەتی و ئەوەیکە هەیبەت و ئۆتۆریتە و ڕەواییان دەستەبەر بکەن، بەشێوەیەکی بێ‌سنور کەڵک لە سیمای زبر و توندیان وەردەگرن، پاش ماوەیەک ئەو ڕەواییەی کە لە کۆمەڵگا گرتوویانە ماوەی بە سەر دەچێت و تەنیا ڕێگا بۆ مانەوەیان لە دەسەڵات، داپڵۆساندنی ئەو هێزەیە کە لە نێوان تۆڕە چێنراوەکانی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی شاراوە دابەش کراون. داپڵۆسین و کپ کردنی ئەو وزە و هێزانە کە خودی سەرچاوەی هێز و ڕەوایی دەسەڵاتەکانن، کارێکی درێژخایەن و ئەستەمە، چونکە بە لەنێوچوونیان وزە و هێزی حکوومەتەکانیش دەکەوێتە مەترسییەوە و لە زونگاوی بێدەرەتانیان دەچەقێنن، ڕەنگە بۆ ماوەیەکی کاتی کۆمەڵگا لە جموجوڵە جەماوەرییەکان بێبەری بێت، بەڵام ئەو بێدەنگییە نیشانەی نەمانی هێزە شاراوەکانی کۆمەڵگا نییە، بەڵکوو دەرفەتێکە بۆ خۆڕێکخستنەوەیەکی نوێ و دۆزینەوەی هەل و کەلێنێکی دیکە بۆ کورت کردنی دەستی دەسەڵاتدارانی لە ڕێ لادراو و سەرەڕۆیە.

# ئێعدام
# چەکێک بەدەستی دەسەڵاتداران

» هیوا میرزایی



مرۆڤ لەو کاتەوە ڕووی لە ژیانی بەکۆمەڵ کرد بۆ تەکووزی کۆمەڵگا و پاراستنی شارستانیەت و ئامانجەکانی ناچار بوو کە ڕێسا و یاسای گونجاو و پێویست لەگەڵ کۆمەڵگا و خەڵکەکەی بنووسێتەوە و بەڕێوەی ببا و ئەو کەسانەی کە دەبنە هۆکاری پێشێلکردنی تەکووزی کۆمەڵگا و خولقاندنی کێشە، سزا بدا؛ ئەم سزایانە لە دوورخستنەوەی خەتاکار لەو کۆمەڵگایە دەستی پێدەکرد هەتا زیندانیکردن و زۆرجاریش سزای خەتاکار بە ئێعدام کۆتایی پێدەهات و سزای ئێعدام لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەمیشە بوونی هەبووە. ئێعدام یەکێك لەو حوکمە قورس و دژە مرۆییانەیە کە لەودا دەسەڵاتدار جا ئێستا چ سەرۆك خێل بێ یان لە سەردەمی ئێستادا دادوەر، بەسەر خەتاکاردا دەیسەپێنێ و بەم شێوازە کۆتایی بە ژیانی کەسێك دەهێنێ کە هەڵسوکەوتێکی لادەرانەی هەبووە لە هەمبەر یاسا و ڕێساکانی کۆمەڵگاکەی خۆی.

دیارە هەم سزاکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازە و هەمیش شێوازی بەڕێوەبردنی حوکمی ئێعدامەکە؛ بەڵام ئەمە هیچ لەوە ناگۆڕێ کە ئێستاش و لە سەردەمی ئەمڕۆدا سەرەڕای دژایەتی ناوەندەکانی مافی مرۆڤ کە ئەم سزایە بە سزایەکی دواکەوتووانە و دژە مرۆیی ئەژمار دەکرێ سزای ئێعدام لە زۆریەك لە وڵاتانی جیهان پەیڕەو دەکرێ. وڵاتی ئێران یەکێك لەو وڵاتانەیە کە سزای ئێعدام تێیدا بەڕێوەدەچێ و ئەم سزایە، یاساییە و ئێران یەکێك لەو وڵاتانەیە کە ئامارێکی بەرزی هەیە لە سەپاندنی سزای ئێعدام بەسەر تۆمەتباراندا.

لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا و دوابەدوای ئەوەی حکوومەتی ئایینی مەلاکان توانی دەسکەوتەکانی ئەم شۆڕشە بە تاڵان ببا و دەسەڵات لە ئێراندا بەدەستەوە بگرێ، ساڵ بە ساڵ پلەی ئێران لە سزای ئێعدامدا لە نێو وڵاتانی جیهان بەرزبووەتەوە و ساڵانە ژمارەیەکی زۆر سزای ئێعدام لە زیندانەکانی ئێراندا بەڕێوەدەچن.

هەرچەند لە یاسای ئێراندا سزاگەلێك وەك دزی و هەڵگەڕانەوە لە دین و کوشتن و دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵان و ... سزای ئێعدامی بۆ دیاریکراوە بەڵام ئەم سزایە لە ئێراندا زیاتر چەکێکە بە دەستی دەسەڵاتدارانەوە بۆ دژایەتی لەگەڵ دژبەران و جیابیرانی حکوومەتی و ئەمە لە دادگا چەند خولەکییەکانی "خەلخالی" نوێنەری ڕاستەوخۆی خومینی لە دەیەی ٦٠ی هەتاوی دەستی پێکردووە و هەتاکوو ئەمڕۆ درێژەی هەبوو کە وایکردووە لە ساڵی ٢٠١٦ ئێران دوای وڵاتی چین بە بەڕێوەبردنی ٥٦٧ ئێعدام پلەی دووهەمی هەبێت لە جیهاندا و لە ئەمساڵیشدا واتە سەرەتای ساڵی ٩٦ی هەتاوی بە پێی ئاماری ناوەندی هەواڵدەری کوردپا ٣٩ حاڵەتی ئێعدام بۆ هاووڵاتیانی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان لە لایەن کۆمای ئیسلامییەوە ڕوویداوە؛ هەر بەپێی ئامارەکانی ئەم ناوەندە لە مانگی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٥ەوە تاکوو مانگی ڕەزبەری ئەمساڵ ٦٢ هاووڵاتی کە دوو کەسیان تۆمەتی سیاسییان خرابووە پاڵ لە سێدارە دراون.

شرۆڤەی ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەخلاقییەکانی ئێعدام هەر یەك بابەتگەلێکن کە پێویستیان بە توێژینەوەی زۆر هەیە و ڕەنگە لەم بابەتدا نەتوانرێ کە شیکارییان بۆ بکرێ بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لە سزای ئێعدامدا ئەوەیە کە خودی بەڕێوەبردنی ئەم سزایە و ئەویش لە پانتاییەکی وەها زۆردا گوزارش لە دۆخێکی نالەبار دەدا کە دەسەڵاتداران لە ئێراندا گیرۆدەی بوون، جۆرێك سادیسمی سیاسی و دەروونی کە چێژ لە ئازاردانی مرۆڤ دەبینن و بەجێگەی ئەوەی توێژینەوە بۆ چۆنیەتی بوون بە دز و بکوژ و ... بکەن و بەستێن بۆ ژیانێکی گونجاو بڕەخسێنن، دەیانهەوێ بە سزای ئێعدام ئاستی لاواز و دواکەوتووانەی بەڕێوەبەری خۆیان پەردەپۆش بکەن یان بەجێگەی ئەوەی مافە نەتەوەیی و ئینسانییەکانی دانیشتووانی ئێران لەبەرچاو بگرن، زیندان و لە سێدارەدان وەك ڕێگەچارە دەبینن و ئەمەیش وایکردووە کە هەم وڵاتی ئێران ببێ بە زیندانێکی گەورە و هەمیش ڕێژەی ئێعدام بەمشێوەیە پلەکەی بەرز بێتەوە؛ هەروەها شێوازی بەڕێوەبردنی حوکمی ئێعدام کە زۆرجار لە گۆڕەپانەکان و بەبەرچاوی خەڵکەوە ئەنجام دەدرێ بووەتە هۆکارێك کە کوشتن و مردنی مرۆڤ لە کۆمەڵگا ببێ بە شتێکی ئاسایی و ئەمە دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە چ لە ڕووی پەروەردەی منداڵان و هەروەها پەرەگرتنی خەمۆکی و بەرزبوونەوەی ئاستی خۆکوژی و ناهومێدی لە کۆمەڵگادا.

## ئاوات ساروج:

## به فارس کردنی خەڵک و موسڵمانی شیعەی دوازده ئیمامی لەم دەڤەرانه به پیلان و بەرنامەی هەزینه هەڵگری ڕێژیمی ئاخوندی هۆی سەرەکی کاڵ بوونەوەی هزری نەتەوەیی و نیشتمانی خەڵکانیک بووه که به بێ خوێندنەوەی ڕاست و ورد له مێژوو، فەرهەنگ، کۆمەڵگه و داب و نەریتی کوردانەی خۆیان، هەر به ئاسانی له داوی ئەم پیلانه کەوتوون.



ئاوات ساروج

**وتووێژ: شەهرام میرزایی**

**بۆ تاوتوێ کردنی بارودۆخی گەلی کورد به تایبەت له باشووری ڕۆژهەلات، وتووێژکمان لەگەڵ کاک "ئاوات ساروج" چالاکی سیاسی و ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک هێناوه که پێشکەشی خوێنەرانی ئازیزی "کوردستان" دەکرێت.**

***سەرەکی‌ترین پیلانەکانی کۆماری سێدارەی ئیسلامی بۆ لەنێوبردنی هەستی کوردایەتی یان به لاڕێدابردنی هزری کوردانه له کوردستان به تایبەت له کرماشان و ئیلام چین؟**

له سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوه هەر زۆر زوو و بەئاشکرا دەرکەوت که ئەم ڕێژیمەش درێژەدەری بەرنامەی دژه نەتەوەکانی نێو ئێران و تۆکمەتر له ڕێژیمی پاشایەتی پیلانی بەرفراوانی بۆ له ناوبردنی کیانی نەتەوەیی و ورد کردنی ئێتنیکه نەتەوەییەکان هەیه و زۆر به وردی و به شێوەیەک نەرم و زیرەکانه پیلانه نگریسەکەی وەک وەرەسه که له سیستەمی دژه نەتەوەکانی ئێران وەرگرتبوو جێبەجێ دەکرد. سەرەتا به بەهێز کردنی باری دینی و مەزهەبی و هێنانه کایەی سەدان بدعەت (نوێکاری!) له ڕاستای مەزهەبی شیعه و هەروەها به ئێرانی کردنی مەزهەبی شیعه له جاران بەهێزتر له سەر ناوی (ئۆمەت)ی ئیسلام وشیعەی دوانزه ئیمامی هەوڵی کاڵ کردنی نەتەوه و بیرو هزری نەتەوەیی دەدا که له درێژایی تەمەنی پڕ له تیرۆر و تاوانی فەرهەنگ و داب و نەریتی نەتەوەکان و بگره ورد و خاپوور کردنی زمانی هەر نەتەوەیەک که به لایەوه ڕەسمی ئەهاته ئەژمار کردن تارادەیەک به هەزینەی گرانەوه هەوڵی سەرکەوتنی خۆی داوه!

بەرنامەی تۆکمەی داڕێژراوی ڕێژیم وەک بەهێزکردنی ئاستی دینی و مەزهەبی شیعه له ئێران،هەروەها پتەوترکردنی فکریەتی یەک نەتەوه به ناوی میللەتی ئێران، یەک زمان و یەک ئاڵا و وڵات که خۆی پێکهاتووه له ورده فەرهەنگ، شێوەزاره بوومی(خۆجیی) یەکان و هەر چەشنه داب و نەریتێک که لەگەڵ فکریەت و بابەتی پیلان داڕێژراوی ڕێژیم نەبێت له بەرنامەیاندا گونجاوه و ڕۆژانه هەوڵی جێبەجێ کردنیان داون، لێرەدا ڕەوڵی پەروەرده و فێرکاری، هونەره ئیسلامییەکان، ڕێنوینی ئیسلامی و ئێرانی، هەر له ئاستی زانستگه، فەرهەنگخانه و وەزارەتی خوێندی باڵا و هەموو دامودەزگا پەروەردەیی و فیرکارییەکان ئەم پیلانه تۆکمانه یەک به یەک جێبەجێ کراون. ئەوەیکه له پۆلی یەکەمی سەرەتاییدا وانەی ئایین و دینی هەبێت، خویندی زمانی عەرەبی هاوتاو لەگەڵ فارسیدا بەردەوامی هەبێت هەتا ئاستی زانستگەکانی ڕێژیم، هەردوو بەرنامەکەی هەم پەروەردەی دینی و مەزهەبی شیعه و هەم به یەک میللەت و یەک زمان ناساندنی ئێرانی ئیسلامی و فارسی، ستراتێژییەکی به تەواوی مانا ناوەندگەرای یەک نەتەوه و تاکه زمانی بەهێز که خۆی خاوەنی فەرهەنگسەرای ئێرانی و فارسی هەبێت درێغی به له ناوبردنی هەموو زمان و فەرهەنگه ڕەنگاوڕەنگەکانی نێو وڵاتێک که چەندین نەتەوەیی هەژمار دەکرێ نەکردووەو بگره تا نێو هەموو ماڵی دانیشتووانی وڵاتی ئێران تەشەنەی سەندووه.

کرماشان و ئیلامیش به حوکمی کورد بوونیان، زۆرترین هەوڵ بۆ لەنێوبردنی ئەم ئێتنیکه نەتەوەییانەی لێدراوەو مەزهەبی باڵادەستیش وەک شیعه گەری له دوای دامەزرانی شیعه له سەردەمی خۆی زۆر کاڵ و کەمڕەنگ بوو هەتا له سەردەمی هاتنه سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامی ئێران، وەک شۆڕشێک بۆ زیندوو ڕاگرتن و پەرەپێدان و پەروەردەی هزری ئیسلامی له ناو و نیشان بگره، تا کۆنیه (نازناو) دروست کردن و ڕێک جۆدا کردنەوەی بەشێکی زۆری خەڵکی کورد له ڕۆژهەڵاتی کوردستان له سەر ناوی شیعه و جیاواز له کوردی سوننه مەزهەب و هەروەها ئەو شارانەی که نزیک به هەشتا ساڵی پێش تەنانەت یەک مزگەوتیانیش نەبوو پڕ بوون له مزگەوت، حۆسەینیەو ناوەندیی پەروەردەی مەزهەبی شیعەو دینی نابی محەمەدی!

لێره به فارس کردنی خەڵک و موسڵمانی شیعەی دوازده ئیمامی لەم دەڤەرانه له به هێزی خۆیدا به پیلان و بەرنامەی هەزینه هەڵگری ڕێژیمی ئاخوندی هۆی سەرەکی کاڵ بوونەوەی هزری نەتەوەیی و نیشتمانی خەڵکانیک بووه که به بێ خوێندنەوەی ڕاست وورد له مێژوو، فەرهەنگ، کۆمەڵگه و داب و نەریتی کوردانەی خۆیان، هەر به ئاسانی له داوی ئەم پیلانه کەوتوون که ئەوڕۆکه بەهۆی ئاسەواری ئەم پیلانه نگریسه بۆ لەنێوبردنی ئەرکی تاکه ڕۆشنبیر و زاناکانی کوردستانی ئەستەم و گران کردووه!

**● کۆمەڵگەی مەدەنی له کرماشان و ئیلام بۆ بەهێزکردنی خۆیان و بەرپەرچدانەوەی پیلانه نگریسەکانی کۆماری سێداره دەبێ له چ ڕێ و شوێنگەلێک کەڵک وەرگرن؟**

باسی پیلانه هەزینه هەڵگرەکانی دوژمنێکی وەک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کرا کەچی لێرەدا ئەرکی چالاکانی فەرهەنگی، ئەدەبی، مەدەنی و هەروەها چالاکانی نەتەوەیی و تێگەیشتوو له بابەتی کاولکاری سیستم لەم زەمەنەدا چەنده گران بێت بەڵام ڕێگاچارەو بەرپەرچدانەوەی پیلانی دەیان ساڵەی ڕێژیم کەم تا فره دەسنیشان و دێته بەر خوێندنەوه.

خوێندنەوەی زمانی دایکی هەر کەس و مەنتەقەیەک به شێوەزاری خۆی له ئاستی بەرزی خوێندن و نووسین له بواره جۆراوجۆرەکاندا که بنەما و هێز و تەوانایی هەبێت وەک بواری ئەدەبی (پەخشان- چیرۆک- شێعر و تەنانەت ڕۆمانیش)، بەهێز کردنی بابەتەکه له ڕێی گوتراوه زارەکیەکان و کۆکردنەویان و نەهێشتنیان له لێواری لەناوچوون.

پەره به مووسیقی وهونەری کوردی له ئاستی سوننەتی، کلاسیک و به شێوەی ڕۆژیش که ئەوڕۆ ئەگەر له بابەت و تێکست یان گوتار و ئاوازی هاورده دوور بێت و پاک و بێگەرد بکرێتەوه به هەزینەی گران و ئەستەمیشەوه هەر سوودبەخش دەبێت و به خۆماڵی کردنی فەرهەنگ و هونەری کوردی له جاران زیاتر، له ئاستی کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدەبی، هونەری و نەقد و پێداچوونەوه به بابەتەکان تەنانەت ئەگەر ساڵانەش بێت وەک بەرفراوان، خۆڕسک و له ئاستی چەند کەسیشدا هەر دەتوانێت وڵامدەر بێت و بۆ له ناوبردنی پیلانی ڕێژیم وەک چالاکی مەدەنی له بواره جۆراوجۆرەکاندا تەنانەت پاراستنی ژینگەو کاڵچر، پووشین و زیندوو کردنەوەی هێما نەتەوەییەکان بەرنامەداڕێژراو و تۆکمه له جێی خۆیدا سوودبەخش دەبێت.هەروەها بەرزکردنەوی ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانی و له ئامێزگرتنی هەموو بنەوا و هێما نەتەوەییەکان که له ژینگەو ژیان و فکرماندا دەبینین و پاراستنیان خۆی له ئاستی کەم ڕەنگ کردنەوەی فەرهەنگ و باوەڕی هاورده و خاواره وەک دین و باوەڕی غەیره کوردی به گشتی ئەوەش له ئاستی خوێندنەوەی بەهێز و لۆژیک له خەساری دینی هاوردەو تەفروتوناکردنی هەموو پیرۆزییەکانی نەتەوەمان به دەست و چڵ و پۆی دینێکی هاوردەو دوور له داب و نەریتی نەتەوەییمان زۆر به ئاسانی دەتوانێت بۆ ئاشکرا کردن و دڵنیا له خاواره بوونی دینێک ئاگادارمان بکاتەوه و له زمان و کاڵچرێک که خۆدی نییه، ڕزگاری نەتەوەیەک به دوای ئەم هزرەوه بێت.

**● ڕاسان چۆن دەتوانێ له پرۆسەی بەهێزترکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی له کرماشان و ئیلام یارمەتیدەر بێ؟**

ڕاسان وەک پرۆژه، بابەت، هەست، به فەرهەنگی شۆڕشگێڕی کراو، به خەباتی بەهێزی شار و شاخ، به خۆدی کردن و لۆژیک کردنی ڕاسانێک که زۆر کەس هەوڵی ناساندنی دەدات، له بواره جۆراوجۆرەکاندا که باسکرا هەر یەکه و به بەرنامە، له ئاستی تێگەیشتن و هەنگاو به هەنگاو و پله به پله، ڕەخنه بکاته نێو ناخی تاکی کۆمەڵگەی کوردی و له بواره ئەدەبی، فەرهەنگی، هونەری و موبارزاتیدا له لای هەموو شارۆمەندێک وەک پرۆژەو مانیفێستێک بۆ به ئاگاهێنانەوی تاک و کۆمەڵگه به گشتی به بەرزکردنەوی وشه به وشەی زاراوه و زمانی نەتەوەیەک، به بەرزڕاگرتن و نرخی بەرزی هێما پیرۆزەکانی نەتەوەیەک، به لەبەرچاوگرتنی ئاستی خوێندنەوەی لۆژیکی له هەر بوارێکدا کۆمەڵگەیەکی زیندوو، چالاک، به خۆی هاتوو و تێگەیشتوو له خۆدی ژیان، له هەست و خۆناسین و خوێندنەوەی دووبارەی هەبوونی تاکی نەتەوەیی و نیشتمانی وەک دەرس و فێرگەیەک بۆ پەروەردەی کۆمەڵگەی کوردیمان له سەر ناوی چالاکی مەدەنی بەرفراوان و هەر یەکەو له کات و ساتی خۆی به ئامانج و به دوای نەتیجەی بەنرخ و به هێزدا بگەڕین بۆیه هەموو بواره ئەدەبی، فەرهەنگی، هونەری و هەست و شۆڕشگێڕییەکان و ئاستی بەرزی موبارزاتی وەک بەهێزی هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی بکرێته فێرگەو خوێندنەوەی بۆ بکرێت و له چالاکییه پێویستەکانی نێو کۆمەڵگەدا بۆ هەموو چین و توێژێکی ئەم نیشتمانه که کوردستان بێت به بەرنامه بکرێت. ئەوەش هێزی بیرو باوەڕ، وزەی بەرزی ئیرادەو هێزی مرۆڤیی پێگەیشتوو و تیگەیشتووی دەوێت که ئەوەش له نیشتمانی کورد زۆرەو دەبێت هاودەنگی و هاوڕاییەک ساز بکرێت.

## کزەی زام ئەڵوەن

**شەریف فەلاح**

**دوتەیل کرماشان، کوڕەیل دلێر!**
**ڕابن، هیز گرن، چوون پڵنگ و شێر**
**خانەقین زامار زەدەی دوژمنه**
**ئیلام بەوه دەیشت، ئەڵوەن ئەنجنه**
**ڕووڵەی خانەقین، حەشدی خسته دەشت**
**بووشن وه بیستوون وه گەرد مانشت**
**مەر هاژەی ئەڵوەن نایەته گووشتان؟**
**دی ئەڕای کەیه برای هاوپشتتان؟**
**ئیسه که کەرکووک وەڵ خانەقینم**
**بووەته جمشتی باشوور نشینم**
**ت دامەنیشه شار خرۆشیاگه**
**خووین جوانەیل گەرمێن ڕژیاگه**
**پەیمانیان داوه وه باوه گوڕگوڕ**
**دوژمن خەنه دەیشت وه شار کلپه و گڕ**
**منالەیل قەسر! دوتەیل شاباد**
**دڵ ئەڵوەن وه هیز ئێوه مەبۆن شاد**
**بووشن وه پەڕاو برای تاقوەسان**
**شەو بێته میوان وه گەرد گیەلان**
**دەشتەکەی گەرمێن چەمەڕای تنه**
**خاکه پاکەگەی هێمان کونکونه**
**گووش بیەن وه ڕاز دڵ پڕ گەرمم**
**شار نیەیمه کەس مەگەر پاش تەرمم**
**م خانەقینم، ئارام نیەنیشم**
**ڕاز دڵەگەم وه ئیلام ئووشم**
**ئەوه هاوکیشم، هاوخەم و خوسەم**
**بەبێ کرماشان زەخماره جەسەم**
**م ئەڵوەنەگەی گەرمێن نشینم**
**مەر هەر ڕۆژهەڵات بێته سەرینم**
**م ئەو ئەڵوەنەم دەنگ دامەسه کورد**
**ئەڕای کرماشان خوەیشم کەمه پرد**

# شکستی کەرکووک سەرەتای هەستانەوەیەکی تر



**جەماڵ ڕەسووڵ دنخە**

مێژوو هەردەم بە شێوە و جۆرێک لە جۆرەکان دووپات دەبێتەوە. ڕووداوی ٢٥ی ڕەزبەری ١٣٩٦ی هەتاوی بەرانبەر لەگەڵ ١٦ی ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠١٧ی زایینی درووست وەبیرهێنانەوە و دووپاتبوونەوەی مێژوو لە جیهاندا و بە تایبەتی‌تر بۆ نەتەوەی کورد بوو.

ڕووداوە مێژووییەکانی نەتەوەی کورد وەک "شۆڕشی شیخ سەعیدی پیران (٨ی شوباتی ١٩٢٥)، میری ڕواندز (١٨٢٦)، شێخ ڕەزای دەرسیم (١٩٣٧)، سمایل ئاغای سمکۆ (١٩١٨)، شۆڕشی ئاگری (١٩٢٧)، شێخ عوبەیدوڵلا نەهری (١٨٨٠)، بەدرخان (١٨٢١)، یەزدانشیر (١٨٥٣)، شێخ مەحموود (١٩١٨)، شێخ ئەحمەدی بارزان (١٩٤٣)، شێخ عەبدولسەلام بارزانی (١٩٠٨) و قازی محەممەد (١٩٢٤) بزووتنە ئازادیخوازەکانی کورد هەموو لە یەک چەمکدا جێگایان دەبێتەوە، "نسکۆ و سەرهەڵدانەوە".

ڕووداوی کەرکووک لە چوارچێوەی شرۆڤەکردنی پرسێکی مێژوویی ئاسانە و هەموو تاکەکانی کورد خۆیان و ڕێبەرانی کورد سەرزەنش دەکەن کە نەدەبا کورد ئەو هەڵە مێژووییەی کە چەندین جار ئەزموونی کردووە سەر لە نوێ دووپاتی کاتەوە، بەڵام دەبێ بڵێین هەموو شۆڕشەکانی کورد و شکستەکانیان و ئێستا کەرکووک لە باری ڕەوانییەوە کەریگەری لە سەر هەست و بیری نەتەوەیی داناوە. سەردەمی خۆشی شۆڕشەکانی دیکەی کورد بەم چەشنە و زیاتریش کاریگەرییان داناوە بەڵام بە هۆی ئەوەیکە "وشیاریی نەتەوەیی" زۆر لاواز بووە و کەرەستەی ڕاگەیاندن نەبووە تا ئەم ڕووداوانە تۆمار بکرێن و بگوازرێنەوە، بە بێدەنگی خۆیان نوقمی هەستی پڕ لە دەردی خۆیان بوونە. ڕووداوی کەرکووک لە سەردەمی ئێستادا بەهۆی پێشکەوتنی سەردەمی ئێمە هەموو کوردێکی هان دا کە کەرکووک خاکی کوردستانە و دەبێ "تۆڵە" بستێننەوە و نیسبەت بەو ڕووداوە خۆیان بە هاوەدرد زانی واتە لە هەستی هاوبەشدا بە مانای کردەیی بەشدار بوون.

ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بە دنیای دەرەوەی گوت کە کورد "ئیرادەی" خۆی هەیە و چارەنووسی خۆی دەنووسێت، ئەمە بە لای هیچ وڵاتێکی دراوسێ و ڕۆژئاواوە جێگای باوەڕ نەبوو، چونکە نەتەوەی کورد ئەو نەتەوەیەی سەردەمی سەدەی ١٩ و ٢٠ نەبوو کە ئەوان بیریان لێ دەکردەوە. بۆیە ئەگەر بڵێین ڕۆژئاواش لە موحاسباتی خۆیان نیسبەت بە کورد تووشی هەڵە بوونە دوور لە ڕاستی نییە؛ بۆیە ڕێفراندۆم توانی سیاسەت و ڕوانگەی ڕۆژئاوا و جیهان نیسبەت بە کورد بگۆڕێت.

لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی مەدەنی دایە کە هەمووهاووڵاتیانی ئەو جوغرافیایە (عێراق) بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئایین و مەزهەب و نەتەوە لە خۆیدا جێ بکاتەوە کە ئەوەش شتێکی زۆر ئەستەم دێتە بەرچاو.

ئەوەیکە زیاتر لە هەموو شتێک لە ئێستادا کوردەکان بۆ سەربەخۆیی هان دەدات، ماهیەت و چوارچێوەی فکری و پێکهاتەی ئێستای دەوڵەتی بەغدایە کە نە لە ئێستادا و نە لە داهاتوودا ناتوانێت شتێک بە کوردەکان بدات کە ئەوان داوای سەربەخۆیی نەکەن.

دوای وەرگەڕانی حکوومەتی سەدام حوسێن، حکوومەتێک لە بەغدا هاتە سەر کار کە سەرەڕای مەزهەبی باتڵاقی حکوومەتێکی مەزهەبیی وەک ڕێژیمی ئێراندا بمێنێتەوە پڕۆژەی کوردەکان هیچ کۆتاییەکی پێ نایەت؛ بەڵکوو لە ماوەی داهاتوودا شایەتی گۆڕەپانی سیاسی و نیزامیی دیکە لە ئاستی عێراق و ناوچەکەدا دەبین کە ئێستاش هۆشداری دەدەن خۆ لە شەڕ بپارێزن.

هەروەها دەبێ بڵێین کە بۆ سیاسەتمەدارەکانی کوردستانی باشوور قەبووڵ ناکرێت کە دەستەوەستان دانیشن و چاو لە کەرکووک بکەن چونکە کەرکووک جیا لەوەیکە سەرچاوەیەکی بەهێزی ئابوورییە، بە شایەتی مێژوو کەرکووک سەرەڕای هەموو پێکهاتەکانی شارێکی کوردستانیە.

ڕێگایە. هەروەها پێشتریش بە ڕوونی و ئاشکرایی بە سەرکردایەتی کورد گوترابوو کە دەبێت لەو ناوچانە بکشێنەوە و تەنانەت هێڵی سەوزیان دەستنیشان کردبوو کە سنووری پێش ساڵی ٢٠٠٣ و ڕووخانی سەدامە. تەنانەت لە دوارۆژی فشارەکان بۆ دواخستنی ڕێفراندۆم، تەکلیفی دواخستن بۆ ماوەی حەفتە و مانگیش هەبوو کە ئەمەش بە دروستی مەبەست لێوەرگرتنەوەی کەرکوک پێش وادەی ڕێفراندۆم و ڕێگرتن بوو لە ئەنجامدانی ڕێفراندۆم لەو شارەدا! دوای ڕێفراندۆمیش هەرچی بانگی دیالۆگ بوو ڕەدیان کردەوە و پیلانی هێرش و داگیرکردنی کەرکووکیان بە ڕێبەریی سپای پاسداران جێبەجێ کرد.

**شکستی هێزەکانی پێشمەرگە ئەویش بەو شێوە نەخوازراوە ناتوانێت "ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کورد ماوەبەسەرچوو بکات". بەڵکوو حەقیقەت ئەوەیە کە ئەگەرچی ئەنجامی ڕێفراندۆم نەبوو بە کردەیی بەڵام پڕۆژەی سەربەخۆیی ڕانەوستاوە و وەدیهاتنی ئەو ئامانجە تەنیا "کات" دەخوازێت.**

شکستی هێزەکانی پێشمەرگە ئەویش بەو شێوە نەخوازراوە ناتوانێت "ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کورد ماوەبەسەرچوو بکات". بەڵکوو حەقیقەت ئەوەیە کە ئەگەرچی ئەنجامی ڕێفراندۆم نەبوو بە کردەیی بەڵام پڕۆژەی سەربەخۆیی ڕانەوستاوە و وەدیهاتنی ئەو ئامانجە تەنیا "کات" دەخوازێت.

پڕۆژەی کوردەکان ناتوانرێت بە حکوومەتێکی "فرقەگرا" کە بنچینەکەی میلیشاکانی "حەشدی شەعبی" سەر بە سپای تیرۆریستی پاسداران پێکی هێناوە، ڕابگیرێت. ئەو شتەی کە دەتوانێت سەربەخۆیی‌خوازیی کوردەکان ڕابگرێت جێبەجێ کردنی نیزامێکی سێکۆلار، دێموکراتیک، فیدراڵ، بوونی سەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو، کە ئەوەش کێشەیەکی قووڵ بوو و لەراستیدا سەرچاوەی هەموو کێشەکان بوو.

دوای ئەو چەند ساڵ حکومەتدارییە لە بەغدا هیچ ڕێگایەک جیا لە سەربەخۆیی نەمابوو، چونکە عێراق لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ببووە ناوەندێکی "فرقەای" شیعە کە سەر بە ڕێژیمی ئێران بوو. دەسەڵاتی شیعە بە سەرپەرەشتیی ڕێژیمی ئێران لە سەردەمی ئۆبامادا زیاتر خۆی سەپاند و سەقامیگر بوو(قسە و لێداونەکانی ئێستا و ڕابردووی سیاسەتمەدارانی جیهان و بەتایبەت بەرپرسانی ئامریکا سەلمێنەری ئەو بابەتەیە).

بۆیە تا کاتیک کە عێراق لە سەرەڕای ئەوەیکە ڕێژیمی ئێران درێژە بە دەستێوەردانەکانی خۆی دەدات و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە دووبەرەکی و ئاژاوە بنێتەوە، بەڵام بەو حاڵەشەوە پەروەندەی کوردەکان بە لە دەستدانی کەرکووک و تەنانەت کۆنترۆڵی شارەکانی کوردستان نابەسترێت.

پڕۆژەی کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، پێشتر پیلان و پلانی بۆ دانرابوو. بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی باسیان لەوە کردبوو کە ئەگەری ڕووداوێکی لەم چەشنە بوونی هەیە، بۆیە دەیانگووت کە زمانی هەڕەشە هیچ پرسێک چارەسەر ناکات و گفتوگۆ باشترین مامەڵەی عەقلانی لەگەڵ ئەم واقیعیەتەدا بۆ کورد گرینگە و دەبێ هێڵی سیاسی خۆی وەک دەوڵەتێکی مەدەنی و دێموکرات و خاوەن دۆزێکی ڕەوای مێژوویی کە چەندین پێکهاتەی نەتەوەیی، مەزهەبی، ئیدە و ئایین لەخۆ دەگرێت بپارێزێت، چونکە کورد لە ڕووی ستراتیژیی نەوتی و ژێئۆسیاسیەوە تا ئێستا ژمارەیەکی قورسە و لە نێوخۆدا خۆی بەهێز بکا و کەموکوڕییەکانی ڕابردووی ڕاست بکاتەوە.

هەروەها لە هەلومەرجێکدا کە نەتەوەی کورد لە شۆکدایە و لە ڕووخانی شکۆی نەتەوایەتی دوای ڕێفراندۆمدا دەژی، بەرپرسایەتی ئێمە ئەوەیە بە جیاتی بوون بە دادوەر ببین بە نۆژدار و پەرەستار. ئەرکی ئەخلاقی ئێمە لە هەلومەرجێکدا کە بوون و نەبوونی نەتەوایەتیمان لە مەترسیدایە، بوون، یەکبوون و گرێبەستێکی خێرای کۆمەڵایەتی و ڕوحیە بۆ ئەوەی پێکەوە ئەو قەیرانە تێپەر کەین گرینگ و کاریگەرە و دوای تێپەربوون لە قەیرانەکە بێگومان کاتی حیساب وەرگرتن لە قەیران خولقێنەکانیش دێت.

بە ڕووداوێکی وەک کەرکووک ئەگەر دووپات بێتەوە جێگای قەبووڵ کردن نییە، بەڵام نابێ ئەوەش لەبیر بکەین پێش ڕوودانی ئەو ڕووداوە کورد قۆناغی زۆر هەستیاری لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا دەبڕی، بۆیە ئەو ڕووداوە نابێتە بنەما بۆ دۆڕانی کورد بەڵکوو دەبێ بزانین کە سیاسەت کاتییە و هەمیشە بردنەوە نییە و دۆڕانیشی هەیە. ڕێبەرایەتی کورد دەبێ ئەوە بزانێت کە یەکدەستی هێزی نیزامی خۆی بەرگێکی بەرندەیە لە کایەی سیاسەتدا.

ڕێبەرانی سیاسیی کوردستان زۆر چاک لەو ڕاستیانە دەزانن و تەجرووبەیان لەگەڵ هەموو جۆرە حکوومەتەکانی زاڵ بە سەر کورددا کردووە کە پڕە لە هەلپەرەستی و پەیمانشکێنی و درۆ و دەلەسە لە لایەن دوژمنان و خائینەکان؛ هەر ئەوەش دەبێ دیسان ببێت بە خاڵێک کە "کەمتەرخەمی" هەڕەشەیەکە بۆ سەر دەرفەت و دەسکەوتەکانی کورد.

کورد جارێکی دیکە ڕیزەکانی خۆی ڕێک دەخاتەوە و بۆ جارێکی دیکەش خۆی بە جیهان و ناوچە دەناسێنێتەوە. کورد ئەگەرچی لە مێژوودا زەبری قورسی وێکەوتووە بەڵام نە تەنیا کۆڵی نەداوە بەڵکوو قایمتر، پتەوتر، بە ئیرادەتر و توندتر لە پێشوو دەستی بە خەبات کردووەتەوە. دەبێ ئەوەش بڵێین و دان بەوەدا بێنین کە تەنیا شتێک نەتەوەی کورد ئارام دەکاتەوە ئەوەیە کە داخوازی و ویستی ئەوان جێبەجێ بکرێت لە غەیری ئەوەدا تا ڕەوڕەوەی مێژوو بەرێوە بێت کورد دەست لە ویستی خۆی هەڵناگرێت و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش ئاسایش و ئارامیی تێدا نابێ.

عەتا دەباغی:

# ڕووداوەکانی باشوور دەریانخست کە خەڵکی ڕۆژهەڵات چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات دا، چەندە تینووی ئازادین!

**لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی نوێی ئامریکا و گەمارۆخستنە سەر سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە، سەرنجتان بۆ وتووێژێکی کوردستان ڕادەکێشین کە لەگەڵ بەڕێز عەتا دەباغی، چاودێری سیاسی ئەنجام دراوە.**

**● سیاسەت و ستراتێژیی نوێی واشنگتۆن بەرانبەر بە تاران چ جیاوازییەکی لەگەڵ سیاسەتی پێشووتری ئەم وڵاتە هەیە؟**

باراک ئۆباما دەیویست پێش وەدەرکەوتن لە کۆشکی سپی بە هەر نرخێک بێت لەگەڵ ئێران بە ئەنجامێک بگات و بۆخۆی و تیمی هاوکاریی، پێیان وابوو بە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران بەو ئاکامە دەگەن یان گەیشتوون. بەڵام ڕووداوەکانی ئەم دواییە، درێژەپێدانی تاقیکردنەوەی تەسلیحاتی مووشکی و خۆبەهێزکردنی نیزامیی، دەستێوەردانی بەرفراوانتر لە کاروباری وڵاتانی ناوچە بەتایبەت یەمەن و سوریە، دامەزراندنی حەشدی شەعبی و پەرەپێدانی نفووز ودەسەڵاتی تاران لە عێراق و ...هتد هەڵەبوونی هەڵوێستی دەوڵەتی ئۆبامای سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی نیشاندا. ترامپ هەر لە سەرەتاوە دژی ئەو ڕێککەوتننامەیە بوو و دوبارەی دەکردەوە کە بە قازانجی ئێران تەواو دەبێ. باسکردن لە هەوڵدان بۆ گۆڕینی ڕێژیمی ئێران لەلایەن دەوڵەتی ترامپەوە کە یەک دوو هەفتە پێش هاتە بەر باس، خاڵێکی زۆر نوێیە لە سیاسەتی دەوڵەتی ئامریکا کە بۆ یەکەم جار دێتە ئاراوە. هەوڵدان بۆ تێکدانی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی و تەحریمی سپای پاسداران دەکرێ وەک هەوڵێکی نوێی واشنگتون بۆ کەمکردنەوەی هێزی نیزامیی و لاوازکردنی ڕێژیم لە دەستێوەردان لە ناوچەکەدا ببینرێت. دیارە بۆ دیتنی نیشانەی بەرچاوتر لە جیاوازی نێوان سیاسەتی کۆن و نوێی دەوڵەتی ئامریکا بەرانبەر بە تاران، زەمانێکی زۆرتر پێویستە.

**● لەم ستراتێژییە نوێیەدا جێگە و پێگەیەک بۆ نەتەوەکانی ئێران بەرچاو نەگیراوە. ئەمە بۆچی دەگەڕێننەوە؟**

بەگشتی وێدەچێ دەوڵەتی ترامپ و بەتایبەت وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا زۆر لەگەڵ گۆڕانی جوغرافیای ناوچەدا نەبن. هەڵوێستی دژی کوردانەیان لە سەر گشتپرسی و ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی باشوور ئەم ڕاستییەی بەتەواوی خستە ڕوو. ئامریکا زۆرتر لە سەر ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و هێزە ڕێفۆڕمخوازەکانی ناوەوە حیساب دەکا و لەوەش دەترسێ یارمەتی ڕاستەوخۆی ئۆپۆزسیۆنی کورد، هەم ئەم هێزانە و هەم تورکیە و عێراق تووڕە بکات. دیارە یەکگرتوونەبوونی ڕێکخراو و حیزبە کوردییەکانیش لە هەڵوێستی لاوازی دەوڵەتی ترامپ لە پێوەندی بە کوردانی ڕۆژهەڵات دا بێ تەئسیر نییە. ئەوەش بڵێین کە بەپێی گۆڕانی هەل ومەرج، ئەم بابەتەش دەتوانێ بە قازانجی کورد ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بەسەردا بێت.

**● گەمارۆکانی ئەم دواییەی ئامریکا بۆ سەر سپا بە لەبەرچاوگرتنی پێگەی سپا لە ئابووریی ئێران دا، چ کاریگەرییەکی لە سەر ئابووریی ئەو وڵاتە دەبێت؟**

سپای پاسداران لە هەموو کون و قوژبنێکی ئابووریی ئێران دا دەستی هەیە. هەموو کۆمپانیا زلهێزەکانی ئێران ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ موڵکی سپای پاسدارانن. بە پێی ئامارەکان پتر لە ٪٨٠ی ئابووریی گەلانی ئێران، سپا دەیگێڕێ. بەڕێوەچوونی هەمەلایەنەی ئەم تەحریمە دەتوانێ ئابووری ڕێژیمی ئێران سەقەت بکات، بەتایبەت سپای پاسداران لە ئیمکانی بەرفراوانی ماڵی بۆ دەستێوەردان لە کاروباری سیاسی نیزامیی ناوچەکە بێبەش بکات. دیارە بەڕێوەبردنی ئەم بڕیارە زەمانێکی زۆری دەوێت و نابێ چاوەڕوان بین بە یەک مانگ و دوو مانگ ئاکامەکەی دەرکەوێت؛ بەس تووڕەیی و هات و هاواری کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران نیشان دەدات کە ئەوان لەم تەحریمە و لە ئاکامەکانی زۆر ترسیان وەبەر نیشتووە.

**● داهاتووی ئەم هێزە تێرۆریستیە لە دوای تەحریمەکان چی بەسەر دێت؟**

ئەم تەحریمە ئاڵۆزیی زیاتری ئابووری لە ئێراندا بەدواوە دەبێت. ئەگەر سپای پاسداران نەیەوێت ئەم مەیدانە چوڵ بکا، کە زەحمەتە کاری واش بکات، شاهیدی پەرەسەندنی ناڕەزایەتی لە ناوەوەی وڵات دەبین کە ئاکامەکەی لاوازبوونی کارتێکەری سپا لە سەر سیاسەتی ڕێژیم یان قەیرانێکی بەرفراوانی سیاسی ئابووری دەبێت. دیارە بەڕای من ئەم تەحریمە لە پێش هەموو شتێک کاردانەوەی لە سەر بەرنامە و پیلانەکانی سپا لە ناوچەدا دەبێ و هەر هەنگاوێکیان بۆ دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەدا دەنگدانەوەیەکی گەلێک زیاتر لە ئێستای بەدوادا دەبێ و تووشی لەقاودان و بەربەرەکانێی زیاتر دەبن. هاتووچۆ و هەڵسوکەوتی فەرماندەکانی سپا نەتەنیا لەلایەن دەوڵەتی ئامریکاوە، بەڵکوو لەلایەن میدیای جیهانیشەوە چاوەدێری دەکرێت و بۆ هەر حەرەکەت و هەڵوێستێک دەبێ باجێکی زۆر بدەن.

**● کێشە و گرفتەکانی ناوچە تەنیا لە سپای پاسداران دایە یان ڕێژیم لە تەواوییەتی خۆیدا بە سەرچاوەی کێشە و ئاڵۆزییەکانی ناوچە دەژمێردرێ؟**

دیارە سپای پاسداران بەشێکە لە دەسەڵات و ئەو سیاسەتەی ئەوان بەڕێوەی دەبەن، ئەوە سیاسەتی تێکڕای ڕێژیمە؛ بەس نابێ ناکۆکییەکانی نێو دەسەڵات لە بیر بکەین و نابێ ئەو ڕاستییە لەبەرچاو نەگرین کە سپای پاسداران باندێکی مافیایی و دەوڵەتێکی سەربەخۆیە لەناو حکوومەتدا. هێز و مانەوەی سپا، هەر وەک ڕێبەرایەتیی دینی، بە بوونی شەڕ و ئاڵۆزی لە ناوچە و دژایەتی هەموو هێز و لایەنێکی غەیری خۆیانەوە گرێدراوە، هەر بۆیە زەخت لەسەر سپا و ئەنگوست دانان لە سەر ئەم هێزە، بە قازانجە و ڕوونیشە ئەگەر تەحریمی سپا کاریگەر بێت، ئەوە ئاکامەکەی هەموو ڕێژیم دەگرێتەوە.

**● دەکرێت چاوەڕوانی چ کاردانەوەیەک لە لایەن سپای پاسدارانەوە بین بۆ دوورلێدانی تەحریمەکان؟ پێتان وایە کە تەحریمی هووشمەندی ئەم جارە (کاتسا) مەجالی ئاوای بۆ هێشتبێتەوە؟**

هەروەک وتم تەحریمی ئابووری پێویستی بە کات و زەمانێکی زۆرە بۆ ئەوەی ئاکامەکانی وەدەرکەون. هەم ئێران و هەم وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا تەجروبەی تەحریمەکەی پێشویان هەیە. سپا هەوڵ دەدا بە کەڵک وەرگرتن لە پێکهێنانی شەریکی ئابووری جۆراوجۆر، ڕێگایەک بۆ دەوردانەوەی تەحریم بدۆزێتەوە و ئامریکاش میکروسکۆپی چاوەدێریی هەر هەڵسوکەوتێکی لەم چەشنەیە. دیارە بەتایبەت پەیداکردنی شەریکی بیانی بۆ هاوکاری ئابووریی لەگەڵ شەریکەکانی سەر بە سپا زۆر ئەستەم دەبێ و زەخت و فوکۆسی ئامریکاش لەسەر ئەم شەریکە بیانیانە دەبێت. بەکورتی دەرچوون لە ژێر چاوەدێری و دەوردانەوەی تەحریمەکان ئاسان نییە وبە دڵنیایەوە قەیرانی بەرچاوی ئابووری سپای پاسداران و فەرماندەکانی لێ دەکەوێتەوە.

**● ڕاگەیاندنی ئەم سیاسەتە نوێیە هاوکاتە لەگەڵ چاوپۆشیکردنی ئامریکا لە سپای پاسداران لە داگیرکردنی کەرکووک دا، ئەمە چ نەتیجە گەلێکی لێ دەکەوێتەوە؟**

دەستێوردانی سپا لە کاروباری ناوخۆی عێراق و بەشداریی ڕاستەوخۆ لە داگیرکردنی کەرکوک بۆ کورد زەربەیەکی قورس بوو. بەس ئەم دەستێوەردانە ئاشکرایە، نفوزی زۆری ئێران لە عێراق و ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی دەوڵەت و کاربەدەستانی شیعەی عێراقی وەدەر خست. بۆ دنیا و بە تایبەت بۆ ئامریکا دەرکەوت کە لە ڕاستیدا هەموو هەوڵ و یارمەتیی ئەوان چووەتە گیرفانی ئێرانەوە و ئەگەر وەخۆ نەکەون، هەموو ناوچە لە تاران تا بەغدا و دەمشق و سنووری ئیسرائیل دەبێتە مەیدانی ڕمبازێنی سپای پاسداران. هەربۆیە پێموایە ئەم ڕووداوە تاڵە لە ئەنجامی خۆیدا زەخت لە سەر سپا زۆرتر دەکات و لە ئاکام دا پێداگری جدیتری ئامریکا لە سەر تەحریم و لاوازکردنی سپا دەبێت.

**● لەم نێوەدا کورد و هێزە سیاسییەکانی، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵات و باشوور دەبێ چ بکەن؟**

زەربەی ئەسڵی لە کوردی باشوور و لەدەستچوونی کەرکوک، نە لە لایەن سپای پاسداران، بەڵکوو بەهۆی دووبەرەکیی ناوخۆیی و پشتی یەک بەردان بوو. سیاسەت یانی کەڵک وەرگرتن لە هەلەکان. بەس پێش هەموو شتێک، دەبێ ئامرازی کەڵک وەرگرتن لە ڕووداوەکانت بەدەستەوە بێت، هێزت نەبێ هەل دێت و دەڕوا و تۆ هەر لە جێی خۆتدا دەمێنیتەوە. بە بێ باوەڕبەخۆیی، یەکدڵی و یەکگرتن، بەئاکام گەیشتن مەحاڵە.

بەنیسبەت باشوور دەبێ بەهەر چەشنێک بێ ماڵی کورد یەک بگرێتەوە. ڕێفراندۆم دەستکەوتێکی زۆر پڕ بایەخی مێژووییە کە وەک کۆمار هەتا هەتایە دەمێنێتەوە. دنیا ئاگاداری دەستێوردانی ئێران بووە و نییەتی ناپاکی بەغدا ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوونتر دەبێت. بیروڕای گشتی و زۆر کەسایەتی کاربەدەست لە دنیادا بۆیان دەرکەوت کە لە ڕاستیدا کورد تەنیا دۆستی دنیای دێمۆکراتە لە ناوچەدا و لە هەڵوێستی لاوازی خۆیان شەرمەزارن. ڕێبەرایەتی باشوور دەبێ لەم ڕاستیە بۆ پاراستنی هەرچی زیاتری دەسکەوتەکانی هەرێم کەڵک وەربگرێت.

کوردی ڕۆژهەڵات پێویستە هەرچی زیاتر یەکگرن و بۆ قۆستنەوەی هەر هەلێک کە بێتە پێش، ئامادەبن. دیارە ڕووداوەکان دەشتوانن بە قازانجی کورد نەبن، بۆیە پێویستە هەموو سێناریۆیەک پێشبینی بۆ بکرێت و گەڵاڵەی بۆ دابنرێت. لە پێوەندی بە ڕووداوەکانی باشوورەوە، خەڵکی ڕۆژهەڵات لە ناوەوە و لە دەرەوەی وڵات دەریان خست کە چەند تینووی ئازادین. تا ئەو هەستە بێت من بە نیسبەت دوارۆژ ڕەشبین نیم.



عەتا دەباغی، چاودێری سیاسی

## عەلی‌ئەشرەف دەرویشیان

# حیکایەتخوانی ئازارەکانی کرماشان، لە غەریبی سەری نایەوە

ن: هێژا سنە

نووسەرێک لە ڕەگەزی دار بەڕوو، قەڵەمێک کە گێڕەرەوە و حیکایەتخوانی بڕک و ئازارەکانی نیشتمانی کوردان بوو. کورتە باڵا و سەر و سیما سپی، بەڵام باڵای خەم و ئازارەکانی هێندەی پەڕاو و بێستوون بڵند. لە گوندەکانی "شائاباد" و کرماشان کە مامۆستای قوتابخانە بوو، تێکەڵی ئازار و مەینەتی قوتابیانی ڕەش و ڕووت و خەڵکی هەژار و بێدەرتان دەبێت و هەر ئەو ئەزموونانە بوونە بنەما و هەوێنی ڕاستەقینەی نووسینەکانی و بە یەکێک لەو دەگمەن نووسەرە واقیعبینانە دێتە ئەژمار کە زمان و قەڵەم و کرداری یەک بوو.

ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکانی دەیەکانی ٥٠ و ٦ی زائینی و زاڵبوونی فکری چەپ لە ئێران و کوردستان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر بیر و باوەڕ و نووسینەکانی هەبوو. لە ڕۆمانی بە قەبارە و چوار بەرگیی "ساڵانی هەورین"دا کە بەسەرهاتی ژیانی خۆیە، بە شێوەیەکی ورد و هونەری ڕیالیزمیانە پەرژاوەتە سەر باری سیاسی، کۆمەڵایەتی فەرهەنگیی کرماشان و شارەزایانە کەلێن و قوژبنە وردەکانی ژیانی لادێ، شار، وردە کولتووری کوردی وێنا کردووە کە زۆر لێکۆڵەر و ڕەخنەگر لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە ڕۆمانی ساڵانی "هەورین"یان تاوتوێ کردووە، کە دوای "کلیدەر"ی مەحموود دەوڵەتئابادی، بە دووەمین ڕۆمانی بە قەبارە دێتە ئەژمار.

دەروێشیان لەو دەگمەن نوسەرانەیە کە هیچ مەودایەک لە نێوان ژیان و بیروباوەڕ و نوسینەکانیدا بەدی ناکرێت، یەکێک لە ڕاستگۆترین نووسەر و ڕۆشنبیرانی سەردەمی خۆی بوو. لەپێناو هەڵوێستەکانیشیدا ساڵانێکی زۆر زیندان و دەربەدەری و ئاوارەیی چێشتووە. هەژاری و بێدەرتانیی سەردەمی منداڵی و پاشان زیندان و ئەشکەنجە لەپێناو بیرباوەڕکانی، دەبنە هۆی چوارچێوە و پێکهاتەی فکریی دەرویشیان و لە هەموو ڕۆمان، چیرۆکەکانیدا بە جوانی ڕەنگیان داوەتەوە.

دەروێشیان لە بەرهەمەکانیدا رووخساری ئاوێتە بە زەبر و زەنگ و بێ بەزەییانەی هەژاریی و بەلەنگازی دەخاتە بەردیدە و چەندە جوان، هەژێنەر و کاراش دەست بۆ خامەکەی دەبات. ئەو زۆر جوان پەی بە هەژاری دەبات و دەیناسێت، ساڵەهای ساڵ بەلای منداڵانی گوندەوە ژیان بەڕێ دەکات و ڕەنج و مەینەت و چەرمەسەریی ئەوان بەردەوام گیان و ناخی ئازار دەدات.

زۆر چیرۆکی دەروێشیان ڕاڤەی ئەو وێنە دڵهەژێنانە دەکات کە بە درێژایی ژیان بەردیدەی کەوتوون.

عەلیئ ئەشرەف دەرویشیان، لە ریزی ئەو نووسەرانە دێتە ئەژمار کە خەم و ئازار و حەسرەتی چینی هەژار و بندەستی کۆمەڵگەی سەردەمی خۆی "هەم پێش شۆڕشی گەلانی ئێران و هەم پاش ئەوەش"، گێڕایەوە. پێداگری و شێلگیریی دەرویشیان لە گێڕانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و شێوەژیانی جیهانی خۆی دەنگێکی جیاواز و بێ وێنەی لە کۆمەڵگەی تاکخواز و فەردگەرای هەنوکەی ئێران بۆ گەرەنتی کرد و بەگشتی وەکوو نووسەرێکی سەر بە ئەدەبیاتی دەروەست و بەرگری ناسرا. ئەگەرچی ئەو پاش خۆی ڕێباز و نیگایەکی لە جیهانی پڕ لە ئاژاوە و نائومێدی ئێستای بۆ ئێمە بەجێ هێشت، بەڵام ئەم نووسەرەش وەکوو نووسەرانی گەورەیتری کورد؛ ئیبراهیمی یوونسی، یاشار کەماڵ (کوردی باکوور) و مەحەمەد قازی (وەرگێڕ) و... بە زمانی زگماکی خۆی و گەلەکەی نەینووسی، یان هەلی لەباری بۆ نەڕەخسا خەم و ئازارەکانی نیشتمانەکەی بە زمانی دایکیی خۆی بگێڕێتەوە، بەڵام هەموو تێم و ناوەرۆکی بەرهەمەکانی دەرویشیان هەڵگری خەم و هەناسە ساردی و کوڵەمەرگیی کۆمەڵگەی کوردستانە.

سەرەڕای ئەمانەش دەرویشیان هەمیشە وەکوو کەسایەتییەکی "ناڕازی" لە هەمبەر سیستەمە سیاسییەکان "لە نێوان دوو سیستەمی سیاسی کە لە تەمەنیدا بینیبووی"، مایەوە و ئەمەش هەر وەکوو تێم و ناوەرۆکێک باڵی بەسەر تێڕوانینیدا کێشابوو.

بوێری، ڕاستگۆیی لە کردار و نووسین و ملکەچ نەکردن بۆ دەسەڵات، هەروەها بەکارنەهێنانی نووسین و کەسێتیی خۆی بۆ پلە و خەڵات و خۆدوورگرتن لە خوانی دەسەڵاتداران، بوونە هۆی ئەوەی لە هەردوو سیستەمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا نووسینەکانی بکەونە بەر تیغی سانسۆر و بەشێکیان بە نهێنی چاپ بکرێن و بۆ ئەمەش گرفت و ئاستەنگی زۆری بۆ ساز بوو.

بەپێی ئەو تایبەتمەندییانەی کە باسمان کرد، دەکرێ بڵێین خەسڵەت و کەسێتیی دەرویشیان، ئاوێنەی باڵانوێنی نووسینەکانی خۆیەتی. دەرویشیان ئاسمانی هەور و پڕ تەمی ژیانی خۆی دەکاتە ئاسۆگی نووسین بیر لە کارەسات و تراژیدیای تاڵی "نەداری، برسێتی، بێدەرەتانی" دەکاتەوە، ئەو دەبێتە تریبوونی چینی چەوساوەی کۆمەڵ و بە نووکی خامەکەی دەبێتە چقڵی چاوی دەسەڵاتی ملهوڕ.

ئەم نووسەرە دەروەستە خەمخۆرە، بەرهەمەکانی پڕ بوون لە تاڵییەکانی ژیان، ئەو تاڵ ژارانەی کە دەبوونە خورەی خاوەن دەسەڵاتەکان. قەڵەمێک کە حیکایەتخوانی ژانی پڕ ئازاری "نەداری" بوو، ئەو ژانەی کە هیچکات ساڕێژ نەکرا و لە سینەیدا کەڵەکە بوون و بوونە ئازاری جەستە و سەرەنجام بەو دەردانە و لە غەریبیدا سەری نایەوە.

هەرچەند زمانی نووسینی فارسییە، بەڵام سەرلەبەری ناوەرۆک و کاکڵەی ڕۆمان و چیرۆکەکانی، خەمی مرۆڤی کورد و بەتایبەت کۆمەڵگەی کرماشانن. دەرویشیان حیکایەتخوانی خەڵکی کەناری ڕووبارەکانی "ئابشووران، لەبئاو و قەرەسوو"یە. دەریشیان مامۆستایەک بوو لە ڕەگەزی "سەمەد بێهرەنگی" و ڕێڕەوی جەلالی ئال ئەحمەد و ئەحمەد مەحموود بوو.

قەڵەمە دڵسۆز و خەمخۆرەکەی دیاری بیستوون، هەرچەند ڕۆمان و چیرۆکەکانی بە زمانی بێگانە (فارسی) نووسیوە، بەڵام لە بواری کۆکردنەوەی ئەفسانە، حیکایەت، بەیت و باو و مەتەڵەکانی دەڤەری کرماشاندا کارێکی گرنگ و بەنرخی کردووە کە بە قەڵەمی وەرگێڕی بەتوانا "عەزیز گەردی" کراونەتە کوردی.

لە بواری ئەدەبی منداڵانیشدا چەندین کۆمەڵە چیرۆکی وەک "هەوری ڕەشی هەزار چاو، گوڵزەڕ و کڵاشسوور، ڕەنگینە و ڕۆژنامەدیواریی قوتابخانەی ئێمە" و حیکایەتەکانی ئەو ساڵانەی چاپ و بڵاو کردووەتەوە کە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر کۆمەڵگەی ئەدەبیی ئێران هەبووە.

دەرویشیان لە ماوەی شەست ساڵ کاری نووسین و خزمەت بە ئەدەبی کوردی و فارسی زیاتر لە ٥٠ بەرهەمی لە بوارەکانی ڕۆمان، چیرۆک، توێژینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە کە گرنگترینیان ڕۆمانی "ساڵانی هەورین"، ئەفسانە کوردییەکانی و ئەفسانەی گەلانی ئێران کە ٢٢ بەرگە و بە یارمەتیی "ڕەزا خەندان مەهابادی" کۆی کردووەتەوە.

دەروێشیان ساڵی ١٩٤١ لە خێزانێکی کرێکاری گەڕەکی "ئاوشووران"ی شاری کرماشان لەدایك بووە. ساڵی ١٩٥٨ خوێندنی خانەی مامۆستایان تەواو دەکات و بۆ مامۆستایی، ڕەوانەی گوندەکانی دەوروبەری کرماشان و گیلانی ڕۆژئاوا و شائابد دەکرێت. ساڵی ١٩٦٦ لە بەشی ویژە و ئەدەبی فارسیی زانستگەی تاران دەست بە خوێندن دەکات و دوای وەرگرتنی بڕوانامەی بکالۆریۆس، لە بەشی دەروونناسیی پەروەردەدا درێژە بە خوێندنی ماستەر دەدات، هاوکات لە خوێندنگەی باڵای تاران لە بەشی ڕاوێژکاری و ڕێنمایی فێرکاری دەخوێنێت. ساڵی ١٩٧٣ یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی بڵاو دەبێتەوە. لە ساڵی تا ١٩٧٨، لەبەر نووسینی کتێبی "لەم هەرێمەوە" و بەهۆی چالاکیی سیاسی، سێ جار قۆڵبەست و خامەی یاساخ دەکرێت. یەکەم جار لە کرماشان بۆ ماوەی هەشت مانگ دەخرێتە گرتووخانەوە، دواتر دەروێشیان لە تاران دەگیرێت و حەوت مانگ لە گرتووخانەدا دەمێنێتەوە. دەروێشیان دوا بەدوای ئەمە لە زانکۆ دەردەکرێت و لە پیشەی مامۆستایەتیش دوور دەخرێتەوە. ساڵی ١٩٧٤ دیسان قۆڵبەست دەکرێتەوە و ١١ ساڵ زیندانی بۆ دەبڕدرێتەوە. دەروێشیان ئیتر لەو دەمەوە دەخرێتە گرتووخانە و تا سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران لە گرتووخانە دەمێنێتەوە.

سەرجەمی کتێب و بەرهەمەکانی دەروێشیان کە تا ئێستا ئامادە و چاپ و بڵاوکراوەتەوە، زیاتر لە ٦٠ بەرهەمە کە بریتین لە بوارەکانی "چیرۆک بۆ منداڵان و مێرمنداڵان"، "کۆکردنەوە"، "کورتەچیرۆک و ڕۆمان" و "فەرهەنگی خەڵکی ئاسایی، ڕەخنە و ئەفسانەی کوردی و گەلانی ئێران.

گرنگترین و بەرچاوترین بەرهەمی "عەلی ئەشرەف دەروێشیان" نووسین و کۆکردنەوەی پرۆژەیەکی گەورەیە بەناوی "فەرهەنگی ئەفسانەکانی خەڵکی ئێران لە٢٠ بەرگدا" کە بەرهەمی ٢٢ ساڵ هەوڵ و تێکۆشانی ئەم نووسەرەیە.

سەرەنجام دەریشیانی بوێر و دەروەست، پاش زیاتر لە شەش دەیە چالاکیی نووسین و خزمەت بە ئەدەبی کوردی و فارسی، پاش نزیکەی دە ساڵ نەخۆشی و تلانەوە بەدەم ئازاری جەستە، ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠١٧/١٠/٢٦ لە نەخۆشخانەیەکی تاران لە تەمەنی ٧٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. هەرچەند خۆی وەسێتی کردبوو لەلای سەفەر قەهرەمانیان کە هاوبەندیی خۆی بووە، لە تاران یان لەلای شاملوو بە خاک بسپێردرێت، هاوکات بنەماڵەکەی داوایان کردبوو تەرمەکەی ببرێتەوە کرماشان، بەڵام بە گوتەی خوشکەکەی هێزە ئەمنییەکانی ئێران هەر لە نەخۆشخانە دەستیان بەسەر تەرمەکەیدا گرتووە و نەیانهێشتووە لە هیچکام لەو شوێنانە بنێژرێت. بۆ خۆیان کات و شوێنی ناشتنی دەرویشیانیان دیاری کردووە. هۆکاری ئەو ڕێگەگرتنەی هێزە ئەمنییەکانی ئێران، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە دەرویشیان لە ڕیزی ئەو نووسەرە بوێر، ناڕازی و کۆڵنەدەرانە بوو کە قەت ملکەچی دەسەڵات نەبوو، هاوڕێی ئازار و خەڵک و دژی ستەم و چەسانەوە بوو. بۆیە دوژمانەی ئازادی تەنانەت لە تەرم و جەستەی بێ گیانیشی ئەترسان.



**پارێزەری کەرامەتی مرۆڤ و هێمای شەرەفی قەڵەم بوو**

**ڕێگەیان نەدا تەرمەکەی لە زێدەکەی بنێژرێت**

**نەیارانی ئازادی تەنانەت لە جەستەی بێ گیانیشی ترسان، چونکە نان و برسێتی بوو**

## بەرهەمێکی دیکەی عەلی‌ئەشرەف دەروێشیان کرایە کوردی




چیرۆکەکانی ئەو ساڵانە، لە نووسینی عەلی‌ئەشرەف دەروێشیان نووسەری کوردی خەڵکی کرماشان، لەلایەن شەریف فەلاح شاعیر و وەرگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی.

ئەم بەرهەمە پێنجەمین بەرهەمی وەرگێڕانی شەریف فەلاح و نۆیەمین کتێبی چاپکراوییە کە بە قەبارەی بچووک و لە دووتوێی ١٠٨ لاپەڕە و بە ئەژماری ١٠٠ دانە لەلایەن "چاپەمەنیی مانگ" لە بانە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

چیرۆکەکانی ئەو ساڵانە، چوار چیرۆکی درێژی مێرمنداڵانی لەخۆ گرتووە کە بە قەڵەمی پڕ لە سیحری عەلی ئەشرەف دەرێشیان، نووسەری ناوداری کوردی فارسی نووسی کرماشان و بە ناوەرۆکی سیاسی، بەڵام بە زمان و دەربڕینی منداڵانە نووسراون و باس لە دۆخی کۆمەڵگەی کرماشان لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران دەکات.ئەم چوار چیرۆکەی دەروێشیان لە ساڵانی ڕابردوودا بە فارسی هەرکامەیان بەجیا چەند جار چاپ کراون و جارێکیش پێکەوە و لەژێر ناوی "قصەهای آن سالها" چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

پێشتر دوو بەرهەمی دیکەی عەلی ئەشرەف دەروێشیان بەناوەکانی "ساڵانی هەورین (ڕۆمان) و ئەفسانە کوردییەکان (ئەدەبی زارەکی) لەلایەن عەزیز گەردی وەرگێڕی ناسراوی کوردەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی.

دەروێشیان ساڵی ١٩٤١ لە خێزانێکی کرێکاری گەڕەکی "ئاوشووران"ی شاری کرماشان لەدایك بووە. ساڵی ١٩٥٨ خوێندنی خانەی مامۆستایان تەواو دەکات و بۆ مامۆستایی، ڕەوانەی گوندەکانی دەوروبەری کرماشان و گیلانی ڕۆژئاوا دەکرێت. ساڵی ١٩٦٦ لە بەشی ویژە و ئەدەبی فارسیی زانستگەی تاران دەست بە خوێندن دەکات و دوای وەرگرتنی بڕوانامەی بکالۆریۆس، لە بەشی دەروونناسیی پەروەردەدا درێژە بە خوێندنی ماستەر دەدات، هاوکات لە خوێندنگەی باڵای تاران لە بەشی ڕاوێژکاری و ڕێنمایی فێرکاری دەخوێنێت. ساڵی ١٩٧٣ یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی بڵاو دەبێتەوە. لە ساڵی تا ١٩٧٨، لەبەر نووسینی کتێبی "لەم هەرێمەوە" و بەهۆی چالاکیی سیاسی، سێ جار قۆڵبەست و خامەی یاساخ دەکرێت. یەکەم جار لە کرماشان بۆ ماوەی هەشت مانگ دەخرێتە گرتووخانەوە، دواتر دەروێشیان لە تاران دەگیرێت و حەوت مانگ لە گرتووخانەدا دەمێنێتەوە. دەروێشیان دوا بەدوای ئەمە لە زانکۆ دەردەکرێت و لە پیشەی مامۆستایەتیش دوور دەخرێتەوە. ساڵی ١٩٧٤ دیسان قۆڵبەست دەکرێتەوە و ١١ ساڵ زیندانی بۆ دەبڕدرێتەوە. دەروێشیان ئیتر لەو دەمەوە دەخرێتە گرتووخانە و تا سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران لە گرتووخانە دەمێنێتەوە.

سەرجەمی کتێب و بەرهەمەنووسراوەکانی دەروێشیان کەتا ئێستا ئامادەو چاپ و بڵاوکراوەتەوە، زیاتر لە ٦٠ بەرهەمە کە بریتین لە بوارەکانی "چیرۆک بۆ منداڵان و مێرمنداڵان"، "کۆکردنەوە"، "کورتەچیرۆک و ڕۆمان" و "فەرهەنگی خەڵکی ئاسایی.

گرنگترین و بەرچاوترین بەرهەمی "عەلی ئەشرەف دەروێشیان" نووسین و کۆکردنەوەی پرۆژەیەکی گەورەیە بەناوی "فەرهەنگی ئەفسانەکانی خەڵکی ئێران لە ٢٠ بەرگدا" کە بەرهەمی ٢٢ ساڵ هەوڵ و تێکۆشانی ئەم نووسەرەیە.

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan • No:712 6 nov. 2017

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


# ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی کوردستان لە سەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات

**ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکرا کردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەکاتەوەو دەیخاتە بەر دیدی خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان.**

**ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی خەزەڵوەری ٩٦ی هەتاوی لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتیە لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.**

## هێمایەک لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە دوو حەوتووی ڕابردوودا:








**بانگهێشت و دەستبەسەر کردن:** لە ئەنجامی بانگهێشت کردن و دەستبەسەر کردنی هاووڵاتییان و چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە شارەکانی کوردستان لە دوو حەوتووی رابردوودا، حەوت کەس لە ئەندامانی مەکتەب قورئان لە شارەکانی سەردەشت، سنە، جوانڕۆ و بیجار بە ناوەکانی "ئیبراهیم یەزدانی،مەنسوور فەتاحی، محەممەد حیسام هاشمی، موسلم ئیبراهیمی، عەبدوسەلام مەحموودیان ماملۆستای مزگەوت، خالید حەسەن زادە شۆرای گوندی بێورانی خوارو و حاجی ئیسماعیل کەسایەتی کۆمەڵایەتی، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعات کراون و پاش لێپرسینەوە دەستبەسەر کراون.

هەروەها، هاووڵاتییەکی کورد خەڵکی شاری بۆکان ڕێکەوتی ٣ی خەزەڵوەر بە ناوی "سلێمان میزرایی" لە ماڵەکەی خۆیدا لە لایەن سێ کەس لە مەئموورانی ئیدارەی ئیتلاعات دەستبەسەر کرا.

هەر لەو پەیوەندییەدا، چالاکێکی کرێکاری لە ناوی مەحموود ساڵحی لە شاری سەقز و محەممەد قوبادی لە شاری کامیاران لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، دەستبەسەر کراون.

پاش ڕووداوی قوتابخانەی "راه شهدا"ی گەڕەکی ئیسلامئاوای شاری ورمێ، هێزە ئیتلاعاتییەکان بە هێرش کردنە سەر ماڵی ئەو هاووڵاتییانە، پاش دەسبەسەر کردنیان بۆ گرتووخانەی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری ورمێ گوازراونەتەوە.

**ئاژانسی هەواڵدەری کوردپا، شوناسی ٢٤ کەس لەو هاووڵاتییانە بەم شێوەیە ڕاگەیاندووە:**

ئەمیر تالب مەرەند، زیندانی سیاسی پێشوو، نادر نەوجەوان جەوهەنی، شەفیق نەوجەوان جەوهەنی، عوسمان و ئەسفەندیار خزری، دوو برای حوسێن خزری (زیندانی سیاسی ئێعدام کراوی کورد)، بێهروز خزری، پەرویز خزری، ناسر وەکیڵی، فەرهاد شوجاعی، عێرفان مەداحی، وەلی حاکمی، محەممەد خەلیل سەیدی، وەحید دانشیار، ئەمیر فەرجامی، بێهزاد جاویدی، ئەفشار تەیموورزادە، وەهاب عەزیزی، مێهدی ئەتمانی، مێهرداد مەحموودی کوڕی ڕەسووڵ، ئیرج حامیدی کوڕی مووسا، ناسر ڕەشیدی کوڕی حەسەن، موحسێن شێرزاد کوڕی محەممەد سەعید، ئەمین حەسەنپوور کوڕی لەزگین و کەیوان میرزایی کوڕی محەممەد.

**کۆڵبەران:** لە ئەنجامی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان لەم دوو حەوتوویەدا، سێ کۆڵبەری کورد کەوتنە بەر دەستڕێژی گوللە و لە ئاکامدا هەر سێ کەسیان بەسەختی بریندار بوون.

شوناسی دوو کەس لەو سێ کەسە بریتییە لە: "محەممەد خالیدی" خەڵکی سەردەشت و "شیروان ئیبراهیمی" کوڕی کەماڵ خەڵکی سەردەشت.

بەپێی هەواڵەکان "شیروان کەمالی" بە برینداری دەست هێزەکانی سپای پاسداران لە ناوچەی سەردەشت کەوتبوو.

هەروەها ڕێکەوتی ٢ی خەزەڵوەر کۆڵبەرێکی کورد لە سنووری ورمێ و وڵاتی تورکیە بە ناوی "ڕێبەر نامیان" بە تەقەی هێزە سنوورپارێزەکانی ڕێژیم گیانی لە دەست دا.

هەر لەو پەیوەندییەدا، دوو کۆڵبەری دیکە بە ناوەکانی"ئامانج ئەمین نژاد" تەمەن ٢٣ ساڵ کوڕی ئەحمەد و "ڕێبوار شەریفی" تەمەن ٢٣ ساڵ خەڵکی گوندی "دزڵی" سەر بە شاری مەریوان لەلایەن هێزە سنوورپارێزەکانەوە دەستبەسەر کران.

هەروەها، ڕۆژی ٦ی خەزەڵوەر، بە هۆی تەقینەوەی مین لە سنووری پیرانشار و حاجی عومەران کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "سلێمان مەحموودی" تەمەن ٤٦ ساڵ بە سەختی بریندار بوو و لەو ڕووداوەدا، لاقێکی لە دەست دا.

**کرێکاران:** بە هۆی تەقینەوەی یەکێک لە پاڵاوگە نەوتییەکانی شاری تاران ٦ تێکنێسیەنی کورد خەڵکی پارێزگای ئیلام بە ناوەکانی "سەید کازم ئەمیر، عەلی نعمەت کوخایی، ئەفشار میرزایی، محەممەد، موحسێن و سەجا دارابی" گیانیان لە دەست دا.

هەروەها دوو کرێکاری کورد خەڵکی سنە و ورمێ بە ناوەکانی"ڕەزا مورادی و "م الف" بە هۆی بەربوونەوە لە بەرزایی گیانیان لە دەست دا.

هەر لەو پەیوەندییەدا، هەواڵدەریی حکوومەتی "ئیسنا" لە زاری بەڕێوەبەری پزیشکی یاسایی پارێزگای سنە بڵاوی کردەوە، کە لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، ١٧١ کەس بە هۆی ڕووداوی کار سەردانی پزیشکی یاساییان کردووە.

بە وتەی غوڵامڕەزا هومایونپوور، لە کۆی گشتی ئەو ١٧١ کەسە کە تووشی ڕووداوی کار هاتوون، ١٧٠ کەسیان پیاو و ١ کەسیان ژنە.

**ئێعدام کردن:** ڕۆژی چوارشەممە ١٠خەزەڵوەر، بەرپرسانی زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ، حوکمی ئێعدامی هاووڵاتییەکی خەڵکی شاری خۆی بە ناوی "تەوحید محەممەد باقرلویان" لە سێدارە دا.

**بڕینەوەی حوکم و دەرکردن لە سەر کار:** لقی یەکی دادگای نیزامیی شاری ورمێ حوکمی سزای ١٠ ساڵ زیندانیی بۆ سەربازێکی کورد بە ناوی "سدیق عەینی" کوڕی خەلیل خەڵکی شاری شنۆ بە تۆمەتی سیخوڕی و هاوکاری بۆ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران بڕییەوە.

هەروەها، ڕۆژی پێنجشەممە ١١ی خەزەڵوەر، ئەندازیارێکی کورد بە ناوی "ساسان فەتاحی" خەڵکی شاری پاوە و دانیشتووی شاری کرماشان، کە ١١ ساڵ پێشینەی کاری هەیە، لە لایەن حیفازت ئیتلاعاتی شاری کرماشانەوە لە سەر کارەکەی وەلا نرا.

ئەو ئامارە ڕێژەییە و بەپشت بەستن بە ئاماری تۆمار کراو لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاو دەکرێتەوە، بە سەرنجدان بە دۆخی ئەمنیەتیی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و نەبوونی میدیای ئازاد بۆ رووماڵ کردنی هەواڵەکان، دەکرێ ئاماری راستەقینە لەو ڕێژەیەش زیاتر بێت.

## هونەرمەندێکی مەهابادی پاش ٥ ساڵ لە زیندان ئازاد کرا



هونەرمەندێکی کوردی خەڵکی شاری مەهاباد، پاش ٥ ساڵ زیندانی بوون لە زیندانی ئەو شارە، ئازاد کرا. ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردووەتەوە کە ، چەند ڕۆژ پێش، فارۆق سامانی هونەرمەندی کوردی خەڵکی شاری مەهاباد، پاش تەواو بوونی ماوەی زیندانییەکی ئازاد کرا.

دەزگای قەزایی ئێران، فارۆق سامانی بە تۆمەتی "پڕوپاگەندە دژی نیزام و هاوکاریی لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیون" بە ٥ ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کردبوو.

ئەو هونەرمەندە کوردە، سەرەتای مانگی ڕەشەمەی ساڵی ٩١ لەگەڵ چەند چالاکێکی فەرهەنگی و میدیایی لە شاری مەهاباد دەسبەسەر و ماوەی حوکمەکەی لە زیندانەکانی ورمێ و مەهاباد تێپەڕاند.

فارۆق سامانی لە هونەرمەندانی ناسراوی شاری مەهابادە، کە لە بواری وێنەکێشان و ئەنیمەیشن چالاکی دەکات.

## ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی: محەممەد نەزەری و مەحموود ساڵحی دەستبەجێ و بێ مەرج ئازاد بکرێن

لێکۆڵەری ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە کاروباری ئێران، سەبارەت بە بارودۆخی نالەباری محەممەد نەزەری و مەحموود ساڵحی هوشداری دا.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، مەحموود ساڵحی و محەممەد نەزەری دوو زیندانیی باوەڕمەند بە هۆی ناجێگربوونی باری تەندروستیان لە ڕۆژانی ڕابردوودا بۆ نەخۆشخانە گوازراونەتەوە و لە کاتی چارەسەریی دەستیان بە تەختی نەخۆشخانە بەند کرابوو.

ڕەها بەحرەینی، لێکۆڵەری ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە کاروباری ئێران، لە دژکردەوەیەک لە هەمبەر ئەو بابەتە ڕایگەیاند: "جێگای داخە کە بەرپرسانی ئێران بە جێگای ئازاد کردنی دەستبەجێی مەحموود ساڵحی و محەممەد نەزەری، ئەو دوو کەسەیان وەک تاوانبار قۆڵبەست کردووە و لە گەڵ ئازار و ئەشکنجە و سووکایەتی کردن بەرەوڕوو بوونەتەوە".

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، داوا لە بەرپرسانی حکوومەتی ئێران دەکات، کە محەممەد نەزەری و مەحموود ساڵحی دەستبەجێ و بەبێ مەرج ئازاد بکرێن، هەتا ئەوان دڵنیابن لەوەی کە چارەسەری تایبەتی پزیشکی خێرایان لە دەرەوەی زیندان بۆ دەکرێت.